# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٥٨**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥٨ – خە زە ڵوە ر – نوامبە ر ٢٠٢٤


**سەروتار**

## دیمەنێک لە داماویی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرانبەر بێ حیجابیدا

دوای ئەوەیکە کچێکی خوێندکاری علوومی توێژینەوەی "زانکۆی ئازادی ئیسلامی"ی تاران لە نارەزایەتی دژبە ئازار و ئەزیەتی یەکێک لە هێزە بەسیجییەکان بەهۆی نەبوونی مەقنەعە و دڕاندنی جلەکانی لەلایەن هێزەکانی حەراسەتەوە، جلەکانی لەبەرخۆی داکەند، هەواڵ و گرتە ڤیدیۆکانی لەئاستێکی بەریندا لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەوە. لە گرتە ڤیدیۆیەکاندا ئەم خوێندکارە نارازییە دەبیندرێ کە بە لیباسی ژێرەوە لەسەر سەکۆیەک لە حەساری زانکۆ دانیشتووە و لەگەڵ مەئمووڕانی ژن و پیاوی حەراسەت لە حاڵی مشتومڕ و شەڕەقەسە دایە و دوایی هەڵدەستێ و بە نێو خوێدکارانی دیکەدا دەست دەکا بە پیاسە. لە کاتێکدا کە کارگێڕان و میدیاکانی حکوومەت کردەوەی ئەم کچە خوێندکارە بۆ فشار و تێکچوونی دەروونی دەگەڕێننەوە بەڵام زۆرێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم کردەوەیە بە حەرەکەتێکی هێمایی دژبە حیجابی ئیجباری دەزانن و لەو باوەڕەدان کە ئەم خوێندکارە لە ئیعتراز بە پۆششی زۆرەملی و هەڵسووکەوتی هێزەکانی بەسیج و حەراسەت جلەکانی لەبەر خۆی داکەندووە و بە کارێکی "بوێرانە" وەسفی دەکەن. مریەم کیان ئێرسی پارێزەری دادگوستەری لەمبارەوە دەنووسێ: "کردەوەی ئەم کچە خوێندکارەی علوومی توێژینەوە، هۆکارەکەی بۆ ئەو فشارە یەکجار زۆر و غەیری مەنتقییە دەگەڕێتەوە کە بۆ ڕەعایەت کردنی حیجاب بەسەر خوێندکارانیاندا سەپاندووە". ئەم پارێزەرە بوێرە ڕایگەیاندووە کە ئامادەی بەرگری و پارێزەریی بەخۆڕایی لەم کچەیە. دوای دەستبەسەرکردنی ئەم خوێندکارە و ڕەنگدانەوەی بەرینی هەواڵەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە توێتێک لە تۆڕی ئێکسدا نووسیی: "کاربەدەستانی ئێران دەبێ دەستبەجێ و بێ مەرج ئەو خوێندکارە ئازاد بکەن کە ڕۆژی دووی نوامبر دوای داکەندنی جلەکانی لە نارەزایەتی بە ئازار و ئەزیەتی حیجابی ئیجباری، لەلایەن بەرپرسانی ئەمنی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی تاران بە توندوتیژییەوە دەستبەسەرکرا".

فشاری بەردەوامی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی حیجاب و نارەزایەتی لە دژی ئەم سەرکوتگەرییانە لە کاتێکدایە کە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕژیم لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بەشێوەی غەیرەڕەسمی پەسەندکردنی یاسای کۆنەپەرستانە و دژەژنی "حیجاب و عیفاف"ی لەلایەن شۆرای نیگەهبانەوە ڕاگەیاندووە. شۆرای نیگەهبان ئەم گەڵاڵە دژەژنەی پەسند و ڕەوانەی مەجلیسی کردووە تا بۆ جێبەجێکردن ڕادەستی دەوڵەتی



**دەسەڵاتی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان**

**هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و نارەزایەتی و بێ ئاسۆیی**

**هێرشێک کە نە "کوشندە" بوو و نە "غافڵگیرانە"**

**گۆڕانی ئاراستەی دەوڵەتی سووریە، لە سایەی شکستی ستراتێژی "شەڕی پێشگرانە"دا**

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**بۆ مەحکووم کردنی حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی**

**سەرکەوتنی ترامپ و شەیدایی عەبدوڵڵا موهتەدی**
**خەڵکی کوردستان دۆستانی درۆینەی خۆیان باشتر دەناسن**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**
**"ئاهوو دەریایی" شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و پشتیوانییە!**

**ڕژیمی دز و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی قامکی دەستی دوو برای پەڕاند**
**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران! لەدژی ئەم تاوانە قیزەونە نارەزایەتی دەربڕن**

**گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٤ی کابینەی پزیشکیان، گەڵاڵەی بوودجەی شەڕە**

**ستراتێژی ناسیۆنالیستەکان کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان ناهێنێت**



پزیشکیان بکرێت. یاسای دژەژن و کۆنەپەرستانەی "حیجاب و عیفاف"ی ئیسلامی، کە ماوەی دوو ساڵە حکوومەتی ئیسلامی هەوڵی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی دەدات، ٧١ مادده لەخۆ دەگرێت. زۆربەی ئەم مادده و بڕگانە بریتین لە ڕێگاکانی پەرەپێدان و سەپاندنی کلتووری کۆنەپەرستانە و دژەژنی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگادا. واتە سووکایەتی پێکردن و بەندکردنی ژنان لەناو ماڵ و منداڵ بەدنیاهێنان و خزمەتکردنی بنەماڵە بەئامانجی ڕزگاربوونی حکوومەت لە فشاری خەبات و داخوازیی ژنان. دەسەڵاتی ئیسلامی دەیەوێت لەڕێگەی دەزگای سەرکوتی نیزامی، ئەمنیەتی، قەزایی و دامودەزگاکانی کۆنەپەرستیی ئایینی و بە وەرگرتنی جەریمەی قورس لە خەڵک ئەم یاسایە جێبەجێ بکات. لە بەشەکانی دیکەی ئەم گەڵاڵەیەدا بەمەبەستی ناچارکردنی هەموو خەڵک بۆ بەڕێوەبردن و بەشداریکردن لە یاسای سەرکوتی ژناندا، سزای قورسی دارایی و داخستنی ناوەندەکانی کار بۆ ئەو شیرکەت و دامەزراوە و دووکانانە لەبەرچاو گیراوە کە سەرپێچی لەم گەڵاڵەیە دەکەن. ئەم پلانە سەرکوتکەرانە، دەسەڵاتێکی زۆر بە مەئموورانی ئەمنیەتی و هێزەکانی سپا و پۆلیس و دەزگای قەزایی دەدات بۆ دەستنیشانکردن و دادگاییکردن و سزادانی ئەو کەسانەی کە دژبە حیجابی ئیسلامی تەبلیغ و چالاکی دەکەن. بێگومان ئەمە گەڵاڵەیەکی ئەمنیەتی لەدژی هەموو کۆمەڵگایە.

پەسندکردنی ئەم گەڵاڵە دژەژنە و ناردنی بۆ دەوڵەت لە کاتکێدایە کە سەرەڕای شەپۆلی یەک لە دوای یەکی سەرکوت و هاواری ئیمامانی جومعە و جەولەی حیجاببانان، ژنانی ئازادە و بێباکی ئێران بۆ پێداگری لەسەر مافی ئینسانی و بنەڕەتی خۆیان لە هەڵبژاردنی جۆری پۆشین، بەردەوام بە بێ حیجابی ئیجباری دەچنە شوێنە گشتییەکان. لەژێر فشاری خۆڕاگری و موقاوەمەتی بێباکانەی ژنان بەرانبەر بە حیجابی ئیجباری، سەرانی و یاسادانەرانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی زیاتر لە دوو ساڵە لە ترسی ڕووخانی دیواری بەرلینی حیجابی ئیجباری و لەدەستدانی کۆنتڕۆڵ بەسەر جەستەی ژنان، باس لە پێداویستی گونجاندنی سزای توندی وەک شەللاق و تەبعید لەم گەڵاڵەیەدا دەکەن. هێندێکی تریش بەخاتری ڕەعایەتی حاڵی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و دڵپەرۆشانی نیزام، باس لە گرینگیی "کاری فەرهەنگی" لەم گەڵاڵەیەدا دەکەن.

ترسی سەرانی ڕژیم لە ڕووخانی دیواری حیجابی ئیجباری و ئەمجۆرە نیگەرانییانەی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی لە هەمان حاڵدا کە وشک مێشکی و کۆنەپەرستبوونی تۆخی سەران و کارگێڕانی ڕژیم نیشان دەدات، لە هەمانحاڵدا نیشانەی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزە لەئاستی کۆمەڵگەدا. ئەم هاوسەنگییە تازەیە بەرەبەرە و لە ئاکامی زیاتر لە چل ساڵ خەباتی سەنگەر بە سەنگەری ژنان دژبە هەڵاواردنی ڕگەزەی و سیاسەتی دژەژنی حکوومەتی ئیسلامی بووەتە ئەمری واقع. خەباتی بێ پسانەوەی ژنان لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا و بۆ نموونە حزووری بەرینی ژنانی ئازادیخواز لە ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، و پێشهەنگایەتییان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا سەرچاوەی ئەو موقاوەمەتە بەرینەیە کە ئەمڕۆ لە مەیدانی خەبات دژبە حیجابی ئیجباریدا خۆی نیشان داوە و سەرانی ڕژیم و فەرماندەکانی هێزی ئینتزامییان هیلاک و هەراسان کردووە.

دیارە خەبات لەدژی حیجابی ئیجباری بوارێک نییە کە بەتەنیا بەرینایی خەباتی ڕزگاریبەخشی ژنانی ئێران نیشان بدا، بەڵام موقاوەمەت بەرانبەر بە حیجابی ئیجباری ئەمڕۆ بووەتە هێمایەک لە خۆڕاگری دژبە یاسای ئیسلامی و لەبەرچاو نەگرتنی دەستوورتی حکوومەتی ئیسلامی. کۆنتڕۆڵی دیاردەی بێ حیجابی لەدەستی ڕژیم چووەتە دەر و هەر ئەم واقعیەتەشە کە بەمجۆرە سەرانی حکوومەتی نیگەران کردووە. هێزی ڕەوانەکراو بۆ شەقام و زانکۆکان ناتوانن پاشەکشە بەو ژنانە بکەن کە حیجاب و ڕووسەرییان لەسەر کردووەتەوە و یاسا ئیسلامییەکانیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە. جەماوەری بوونەوەی ئەم خەباتە ڕژیمی لەبەرانبەریدا داماو و بێتوانا کردووە.

خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانێک کە حیجابی ئیجیارییان پێ سووکایەتییە بە حورمەتی ئینسانییان، لە یەک هەنگاویی سەرکەوتندایە. کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانی ئێران بە فڕێدانی ئەو حیجابەی کە بە زەبری سەرکوت بەسەریاندا سەپاوە، هەموو یاساکانی ئەم بوارە هەڵوەشێننەوە. ئەو خەباتەی کە بە سووتاندنی ڕووسەری لەسەر شەقام چووە قۆناغێکی نوێوە دەتوانێ لێبڕاوانە بەسەرەنجام بگات. بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و بەتایبەت بەشە چەپ و سۆسیالیستییەکەی دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەڵمەتەدا هەبێت. بزووتنەوەی کرێکاریی پێویستە هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری بخاتە دەستووری کاری خەباتی خۆیەوە. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە یەک هەنگاویی سەرکەوتن دان و ڕژیم لەسەر هەڵدێری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێحیجابییە.

❊❊❊

# هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتی و بێ ئاسۆیی



سەرەنجام ٥ی نوامبری ٢٠٢٤ کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا گەیشت و لە ئەنجامی چەند مانگ کێبڕکێی ئەم هەڵمەتە و شانۆ تەلەڤیزیۆنییەکانی، ترامپ بە براوەی ئەم کێبڕکێیە دەرچوو. بەگوێرەی دوایین ئەنجامی ڕاپرسییەکان، هەرچەندە کامالا هاریس لەسەر ئاستی نەتەوەیی بە ڕێژەی لەسەدا یەک لە پێش ڕکابەرەکەیەوە بوو، بەڵام لە ویلایەتەکانی وەک نیڤادا، جۆرجیا، کارۆلینای باکوور و ئەریزۆنا دۆناڵد ترامپ پێش هاریس کەوتووە، هەروەها لە ویلایەتەکانی ویسکۆنسن، میشیگان و پێنسلڤانیا، جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان ئەو دوو ڕکابەرەدا لە بەرژەوەندی هاریسدا بوو. چاوەڕوان دەکرا لە ئەگەری سەرنەرکەوتنی ترامپ پاش بڵاوبوونەوەی ئەنجامی دوایین ڕاپرسییەکان، وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو داوای لە گروپی فشاری ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرستە توندڕەوەکان کردبا کە شکستەکە قبوڵ نەکەن. حزووری دووبارەی شارلاتانێکی سیاسی و زمان پیسی وەک “دۆناڵد ترامپ” بە باوەڕی بەئاشکرا ڕاسیستی و دژەژنەوە، کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کامالا هەریس لە فەرهەنگی کۆنەپەرستی و دواکەوتووی پیاوسالاری و ڕەگەزپەرستی تەغزییە دەکات، لایەنێکی تراژیک و لەبیرنەکراوی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان بوو. تراژیک بەو مانایەی کە کەسێکی ڕەزڵ و کەممایەی وەک ترامپ چەندین ساڵی فرسەت پێدراوە تا بەم ڕادەیە شعوور و فەرهەنگی سیاسی خەڵک بە کەم دابنێت.

ئەم هەڵبژاردنە بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتی و بێ ئاسۆیی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگای ئەمریکایە. ترامپ کە لایەن سەرمایەدارانی گەورە، کۆمپانیاکانی نەوت، غوولەکانی مڵک و خانوبەرە و ملیاردێرەکانی وەک ئیلان ماسکەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، توانیویەتی تووڕەی و ناڕەزایەتی پەنگخواردووی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگای ئەمریکا کە بە باری قورسی قەرزی بانکەکانەوە خراونەتە پەراوێزەوە، لەئاست ئاکامەکانی بەرنامەی ڕیازەتی ئابووری بەلاڕێدا بەرێت و دژبە پەنابەران و باڵی چەپی کۆمەڵگا کاناڵیزەی بکات.

پاش قەیرانی ئابووری دەیەی ٧٠ و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ئەمریکا، هەردوو پارتی سەرەکی سیاسەتی نیۆلیبرالی وێرانکەریان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئابووری بەڕێوەبرد و درێژەیان پێدا. بەڵام پاش چەند دەیە نەک هەر ڕکوودی ئابووری و قەیرانی بێکاری کۆتایی نەهات بەڵکوو لەگەڵ پرۆسەی جیهانگیری سەرمایە بە شێوازی نیولیبرالی و لەگەڵ قەیرانی سەرمایەداری جیهانی ساڵی ٢٠٠٨ و ئاکامەکانی دواتری، بۆشایی چینایەتی و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند و ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی چینی کرێکار و چینە بێبەشەکان و تەنانەت گرووپە ناوەندەکانیش دابەزی. ئاکامە سیاسییەکانی ئەم پرۆسەیە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە پارتە دەسەڵاتدارەکان و ئەمەش دۆخی هاتنە مەیدانی ترامپی وەک ئۆڵترا ڕاستێکی پۆپۆلیست ئامادە کرد. ترامپ بە بەڵێن و دروشمی ناسیونالیستی و پاڵپشتیخوازی و دژایەتیکردنی جیهانگیری هاتە پێشەوە و بانگەشەی ئەوەی کرد کە بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنە بازرگانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتەکانی دژ بە کۆچبەران دەتوانێت ڕکوودی ئابووری کۆنترۆڵ بکات و کۆتایی بە قەیرانی بێکاری بهێنێت. ئەو تەنانەت سیاسەتەکانی دژی ژینگەشی بە بەڵێنی پێکهێنانی هەڵی کار پاساو دەکرد. ترامپ هێستاش بە تەبلیغی ڕەگەزپەرستانەی لەدژی




ئەمریکایی ئەفریقاییەکان و خەڵکی بەڕەگەز ئەمریکای لاتین کە گۆیا ئەوان بۆ تاوان و جنایەت دروست کراون، بە گرتنەبەری سیاسەتی ناسیۆنالیستی و دژە پەنابەری و بە بەڵێنی وەدەرنانی پەنابەران، هەوڵ دەدات ئامانجەکانی مسۆگەر بکات.

لەم هەڵمەتی ئەم هەڵبژاردنەدا نائومێدی و بێدەسەڵاتی دۆناڵد ترامپ و کامالا هاریس و هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات لەبەرانبەر ئاکامە وێرانکەرەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەسەر کار و ژیانی چینی کرێکار و چەوساوەکان و پەراوێزخراوەکان بەڕوونی دەرکەوت. ئەوان ناتوانن چارەسەرێک بۆ چوونەدەر لە قەیرانی سەرمایەداریی ئەمریکا، گرانی، بێ ماڵی، قووڵبوونەوەی بۆشایی و هەژاری نیشان بدەن؛ ئەوان ناتوانن ئاسۆیەکی ڕوون بکەنەوە بۆ کۆتایی هێنان بە تاوان و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی نەتەوەی فەلەستین لە غەززە کە بە پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکا و بە پارەی ماڵیاتدەرانی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت و ویژدانی زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا ئازار دەدات؛ ئەوان هیچ نەخشەڕێگایەکیان نییە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی وێرانکەر لە لوبنان و کۆتایی هێنان بە شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین کە تا ئێستا بە یارمەتی دارایی و چەکی ئەمریکا بەردەوامە؛ ئەوان ناتوانن بە پەرەپێدانی شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین و بە پەرەپێدانی کێبڕکێ لەگەڵ دەسەڵاتە جیهانی و ناوچەییەکان کە لە هەموو شوێنێک ڕێبەریی سیاسیی ئەمریکایان بردووەتە ژێر پرسیارەوە، ئاسۆیەکی ڕوون بەڕووی خەڵکی ئەمریکادا بکەنەوە.

لە بواری سیاسەتی ناوخۆییدا، بەهۆی ئەوەیکە هیچ کام لە بەڵێنەکان لەوانە "دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هەمووان"، "دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ١٥ دۆلار بۆ هەر سەعات کار" و کۆنترۆڵکردنی گرانی لە قۆناغی سەرۆک کۆماریی بایدندا بەدی نەهاتوون، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا هیچ متمانەیەکیان نییە بە بەڵێنەکانی هەریس سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرانی، بردنەسەری لانیکەمی حەقدەست و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کەمبوونی خانووبەرە. ڕێکخەرانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی هەریس کە لە سەرەتادا بە گرتینەوە ئەم بەڵێنانەیان دووپات دەکردەوە، لە هەفتەکانی نزیکەو هەڵبژاردن هەوڵیان دا لە هەرچییەک کە ڕەنگی دژایەتی لەگەڵ بەرنامەی ئابووریی خاوەنانی پیشەسازی و بیرمەندانی والستریت و یەک لەسەدییەکانی پێوەدیارە دووربکەونەوە و لە بەڵێنەکانی پێشوویان سەبارەت بە کۆنترۆڵی نرخەکان و بردنەسەری ماڵیاتی سەرمایەداران پاشەکشە بکەن. بێهۆ نەبوو کە نیۆیۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە "کەمپەینی هەڵبژاردنی هەریس بۆ ستراتێژی هەڵبژاردن و ڕاوێژ لەبواری وەبەرهێنان سەردانی دۆستانێکیان لە والستریت کردووە. وە هەر ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەیکە مارک کوبان ملیاردێری ئەمریکایی بە خۆشحاڵییەوە ڕایگەیەنێ کە: ئەو بنەما پێشکەوتووانەی کە لە حیزبی دیموکراتدا نەمابوون، ئێستا بەهۆی کامالا هەریسەوە بۆ ئەم حیزبە گەڕاونەتەوە". پارتی دیموکرات بەم ستراتیژەی هەڵبژاردنەوە ڕێگەی بە ترامپ دا کە لە نزیکەوە ڕکابەری هاریس بکات. کامالا هەریس لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لەوەیکە بۆ نیگەرانیی دەنگدەران وەڵامێکی هەبێت، سەبارەت بە مانا و مەترسییەکانی دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماری ترامپ هۆشداری دەدا. ئەگەرچی ئەم شێوازە لە سەرکوتی نەیارانی باڵی چەپی حیزبی دیموکرات کە لە دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماری ترامپ دەترساند کاریگەر بووە، بەڵام بێدەنگ کردنی ئەوان هیچ کۆمەکێکی بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەو نەکرد.

بێگومان، دۆناڵد ترامپ و کامالا هاریس نوێنەرایەتی ئەو بەشانە لە سەرمایەداری ئەمریکا دەکەن کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەی بەرەوڕووی ئەمریکا بوونەتەوە. بەڵام سیاسەت و کرداریان هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکاری ئەمریکا و ملیۆنەها جەماوەری پەراوێزخراوەوە نییە. ئەوان بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگای ئەمریکا بەدیل نین. چینی کرێکار، ڕەنگین پێستەکان، کۆچبەران، ژنان، و جەماوەری ملیۆنیی پەراوێزخراوەکان بۆ ڕزگاریی ڕاستەقینە لە چنگ بێکاری و هەژاری و ئەو بێمافییانەی بەسەریاندا سەپاوە، ڕێگایەکیان بێجگەلە خەبات دژبە نیزامی سەرمایەداری نییە.

ئەو دەنگدەرە ئاساییانەی کە بە ڕوانگەی هەڵبژاردن لە نێوان "خراپ و خراپتر"ەوە چارەنووسی خۆیان بە کامالا هەریس دەسپارد وە یان ئەو کەسانەی کە بە هیوای گۆڕانکاری لە بارودۆخی ناڵەباری ئەو کۆمەڵگایە وەدوای فاشیستێکی زمان پیسی وەک ترامپ کەوتوون، دۆڕاوە سەرەکییەکانی ئەم یارییەن. ڕوانگەی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر، ئەوەیکە دەنگ بدەین بە هەریس تا ترامپ سەرنەکەوێ لە تێڕوانینی بەرژەوەندی خەباتی دژەسەرمایەدارییەوە نەتەنیا هەڵوێستێکی ستراتێژیکی دروست نییە و بەکردەوە جۆرێک لە ئینفعال و پاسیفیزمی زەلیلکەری لێدەکەوێتەوە، بەڵکوو وەک تاکتیکیش کاتێک کاریگەر دەبێت کە ڕەوتە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکان خۆیان ڕێکخستبێ و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەڕادەی پێویست بەهێز بووبن تا بە گرتنەبەری ئەم تاکتیکە و بە حزووری بەهێز لە گۆڕەپانی خەبات بتوانن بەشێک لە خواستەکانی چینی کرێکار بەسەر باڵی بورژوازیدا بسەپێنن. بە دەرس وەرگرتن لەم ئەزموونانە هێزی چالاکی دژەسەرمایەداری ڕێگایەکی لەپێش نییە جگە لەوەیکە بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ڕیزەکانی خۆی لە حیزبێکی ڕەزمەندەی کۆمۆنیستیدا ڕێک بخات. بردنەسەری ئاستی لانیکەمی حەقدەست، هێنانەخواری ڕێژەی بێکاری لەڕێگەی کەمکردنەوەی سەعاتی کاری ڕۆژانە و زیادکردنی کاتی ئازاد، ئەولەویەت پێدان بە دابینکردنی تەندروستی و دەرمان و ئەمنیەتی گیانیی هاووڵاتییان، کۆتایی هێنان بە ڕەگەزپەرستی سیستماتیک، پاراستنی ژینگە و کۆتایی هێنان بە کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و کۆتایی هێنان بە شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین نەک بە دڵخوش کردن بە وادە و بەڵێنەکانی کامالا هەریس و دۆناڵد ترامپ، بەڵکوو تەنیا بە خەباتی ڕێکخراوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بە هێرش بۆسەر سەرمایە دەستەبەر دەبێت.

***

## هێرشێک کە نە "کوشندە" بوو و نە "غافڵگیرانە"

سەرەنجام نزیک کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کاردانەوە بە هێرشی مووشەکیی یەکی ئۆکتۆبری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. بەپێچەوانەی ئیدیعای یوئاڤ گالانت وەزیری بەرگریی ئیسرائیل کە وتبووی "وەڵامی ئەم وڵاتە بە هێرشی مووشەکیی یەکی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی، کوشندە و دەقیق و غافڵگیرانە دەبێت"، ئەم هێرشە نە کوشندە بوو و نە غافڵگیرانە، بەڵام دەقیق بوو. لەم عەمەلیاتەدا دەوڵەتی ئیسرائیل بەپێچەوانەی مەیل و هەڕەشە سەرەتاییەکانی خۆی کە لە نەزەریدا بوو ناوەندە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران بکاتە ئامانج و زەمینە بۆ ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناو شەڕی ڕاستەوخۆ و گشتگیر فەراهەم بکات، مەجبوور بوو ئامۆژگارییەکانی ئەمریکا لەبەرچاو بگرێت و بە بۆمبارانێکی سنووردار ڕەزایەت بدات. ئیسرائیل لە هەمان حاڵدا کە بە مانۆڕی دەیان فڕۆکەی بۆمب هاوێژ بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لە ئاسمانی ئێران هێزی نیزامیی خۆی بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نیشان دا، بەڵام هێرشەکەی بە بوردومانی چەند بنکەی نیزامی، سایتی بەرهەمهێنانی مووشەک و درۆن، سایتی مووشەکی زەمین بە هەوا و پەدافەندنی هەوایی بە کەمترین تەڵەفاتی ئینسانییەوە سنووردار کرد. ئاکسیوس ڕۆژی شەممە ٢٦ی ئۆکتۆبر لەسەر زاری چەند سەرچاوەی ئاگادار ڕایگەیاند: "ئیسرائیلییەکان بەگشتی بە ئێرانییەکانیان ڕاگەیاند کە دەیانهەوێ چ شوێنگەلێک بکەنە ئامانج و هۆشداریشیان دا کە وەڵامی ئەم هێرشە نەدەنەوە". هەڵبەت دەوڵەتی ئەمریکاش هۆشداری لەم شێوەیەی بە کۆماری ئیسلامی داوە. دوو ڕۆژ پێشتریش قەتەر و تورکییەش بە ڕاگرتنی هاتوچۆی ئاسمانییان بۆ ئێران، ئەو پەیامەیان بە ڕژیمی ئێران دا کە هێرشەکە بەم زووانە دەکرێت.

ئەگەرچی فەرماندەکانی سپای پاسداران ڕایانگەیاندووە کە ئەم هێرشە و زیانەکانی سنووردار بووە و تەنیا دوو کەس لە پێرسۆنێلی ئەرتەش کوژران، بەڵام ڕاگەیەندراوی بەپەلەی "ناوەندی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تاوانی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران"، ناسراو بە "گرداب" کە تێیدا هاتووە "نابێ هیچ جۆرە وێنە یان هەواڵێک بۆ میدیاکانی دوژمن بنێردرێ" و بە تاوان پێناسەی کردووە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هێرشە بەهێزتر لەوە بووە کە فەرماندەکانی سپا ئیدیعای دەکەن. بە هەر حاڵ هێرشی بیرلێکراوەی ئیسرائیل دژی ئامانجە نیزامییەکانی ئێران لە ٢٦ ئۆکتۆبردا نیشانی دا کە دەوڵەتی نەتانیاهۆ هەوڵەکانی بۆ ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران بێ ئاکام ماوەتەوە. دەوڵەتی نەتانیاهۆ ئەگەرچی بۆ شکڵدان بە هاوکێشە و نەزمی دڵخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە شەڕی گشتگیر لەگەڵ "سەری مارەکە"یە، بەڵام دەزانێ کە بە بێ ئەمریکا توانای شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە.

دەوڵەتی ئیسرائیل کە دوای زیاتر لە یەک ساڵ تاوانی شەڕ و جینۆساید، کوشتاری زیاتر لە ٤٣ هەزار کەس و نابوودیی هەموو ژێرخانێکی ئابووری و تەندروستی و فەرهەنگی نەیتوانیوە بە هیچ کام لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی لە غەززە بگات، دەمێکە ئازادیی بەدیلگیراوانی لە ئەولەویەت دەرهاویشتووە و



پێکهێنانی هاوکێشە و نەزمی نوێی ناوچەیی کردووەتە ستراتێژی جەنگیی خۆی. نەزمێک کە تێیدا هێزە نیزامییەکانی حەماس و حیزبوڵڵای نابوود و زەمینگیر کردبێت و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی لە ناوچەکە کەوتبنە پێگەیەکەوە کە نەتوانن زیاتر لەوە ستراتێژی شەڕی فەرسایشی دژبە ئیسرائیل درێژە بدەن. مووشەکبارانی کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە سووریە لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵ و کوشتنی چەندین کەس لە فەرماندەکانی سپای پاسداران، تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە تاران، هێرش بۆسەر حیزبوڵڵا و ئەو زەربە قورسانەی کە لێیداوە، هەوڵ بۆ ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەڕاستای پێکهێنانی ئەم هاوکێشە نوێیەدایە. دەوڵەتی ئیسرائیل دەیهەوێ بە دامەزراندنی بنکە و پایەگای نیزامی، غەززەش داگیر بکات و کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیە بگرێتە دەست.

دەوڵەتی ئەمریکا لە هەمان کاتدا کە زەربە لێدان لە حیزبوڵڵا، حەماس، کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی سەر بە ڕژیم بۆ کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازیی کۆماری ئیسلامی لەڕاستای سیاسەتەکانی خۆیدا دەبینێت، بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆر خوازیاری شەڕی گشتگیر لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی نییە. دەوڵەتی ئەمریکا کە لە لاوازبوونی دەسەڵاتی ئابووریی خۆی ئاگادارە و شکستی لەشکرکێشی بۆسەر ئەفغانستان و عێراقی ئەزموون کردووە، بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە شەڕی ئۆکراینی کردووەتە ئەولەویەت، نیگەرانی چوونەسەری نرخی نەوت و گاز و وزە لە بازاڕەکانی جیهان و کاریگەرییەکانی لەسەر وڵاتانی هاوردەکارە، ڕەقابەت لەگەڵ چیندا ئەولەویەتی سیاسەتەکانی دیاری دەکات، وە نیگەرانی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە، لە بارودۆخی ئێستادا نایهەوێ بچێتە ناو شەڕێکی گشتگیر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش کە بناغەی ئابووری و نیزامیی چوونە ناو شەڕی گشتگیریی لەگەڵ ئیسرائیل نییە و ڕەهەندەکانی ئەم شەڕەی لێ ڕوون نییە، و لە ناوەوەش لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ڕوو لە گەشەی کرێکاری و جەماوەری بەرەوڕووە، شەڕی گشتگیر لەگەڵ ئیسرائیل لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەیدا نابینێت. بەڵام بەو پێیەی کە سپای پاسداران تائێستا شکست و بنبەستی ستراتێژی شەڕی پێشگرانەیان بەڕەسمی نەناسیوە و دەیانەوێ هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" شەڕی فەرسایشی لەدژی ئیسرائیل درێژە بدەن، بەکردەوە خزمەت بە ستراتێژی جەنگیی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن و مەترسیی پەرەسەندنی شەڕ هەروا لەئارادایە.

بێگومان کرێکاران و خەڵکی فەلەستین، لۆبنان، ئیسرائیل و ئێران کە هەر کامیان بەجۆرێک قوربانیی سەرەکیی ئەم شەڕخوازییانەن، هیچ بەرژوەندییەکیان لەم شەڕە کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەدا نییە. شەڕی ئیحتمالی و گشتگیری نێوان دەوڵەتی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕژیمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، شەڕ و وێرانکاری لە لۆبنان، درێژەی سیاسەتی ڕژیمی ئیسلامی بۆ زیندووکردنەوەی "نیزامی خەلافەتی ئیسلامی شیعە میحوەر"، ئازادکردنی قودس بە نابوودیی ئیسرائیل، درێژەی سیاسەتی شەڕی پێشگرانە و جەحەنەمێکە کە حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران بەرپای کردووە. ئەم شەڕە شەڕێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە و بۆ خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و ناوچەکە هیچ قازانج و بەرژوەندێکی تێیدا نییە. هەروەک چۆن لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمی تاڵەبان و سەدام و ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەزافی لە لیبی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ناتۆ بێجگەلە وێرانی، ئاوارەیی، هەژاری و پەرەسەندنی ڕەوتە توندڕەوەکانی ئیسلامی سیاسی ئاکامێکی تری نەبوو، شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلیش ئاکامێکی لەوە باشتری نابێت.

مەترسیی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە هەتا ئێستا بێجگەلە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و دابەزینی زیاتری بەهای ڕیاڵ لە بەرانبەر دۆلار، چوونەسەری نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و پەرەسەندنی شەپۆلی ڕەشبگیری و ئێعدام و کەشوهەوای ئەمنیەتی، ئاکامێکی دیکەی نەبووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕێکی گشتگیر و پەرەسەندنی کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی، بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ بەدواداچوونی خەبات و ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەری دەکەونە هەلومەرجێکی دژوارترەوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێرانیش بۆ شکڵدان بە ئاڵتێرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی دەکەوێتە دۆخێکی دژوارترەوە. لەم ڕووەوە "ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی" بەزەبری فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل کە سەرانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان مەوعیزەی دەکەن هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە نییە.

لە وەها بارودۆخێکدا درێژەی سیاسەتی شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی ناوچەکە و پەرەسەندنی سەرکوت لە ناوەوەی ئێران پێویستە بە گەشەپێدانی مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، ناڕەزایەتیی سەرتاسەری و بەرێوەبردنی مانگرتنی سیاسیی جەماوەری و گشتی وەڵام بدرێتەوە. پێویستە بزووتنەوەی کرێکاری بێجگە لە ئاڵای داخوازیی خێرای ئابووری، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات دژبە شەڕخوازیی ڕژیمی ئیسلامی، ئازادیی بەندکراوانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری، ڕێبەریی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیش بگرێتە دەست. تەنیا بە گەشە و پەرەپێدانی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە کە دەتوانین سێبەری شەڕ لەسەر سەری خەڵکی ئێران دوور بخەینەوە و بە ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە مەترسیی داگیرسانی شەڕ لەناوبەرین

***

# گۆڕانی ئاراستەی دەوڵەتی سووریە، لە سایەی شکستی ستراتێژی "شەڕی پێشگرانە"دا



لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سووریە لەئاست جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان هەڵوێستێکی ناچالاک و تا ڕادەیەک بێ لایەنی لە خۆی نیشان داوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕژیمی دەسەڵاتدار لەم وڵاتە چ لە سەردەمی حافز ئەسەد و چ لە سەردەمی بەشار ئەسەد دا خۆی بە پشتیوانی مافەکانی خەڵکی فەلەستین پێناسە کردووە و لە دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا ئیدیعای ڕێبەری وڵاتانی عەرەبی کردووە. ئەوپەڕی نزیکایەتی دیکتاتۆری دەوڵەتی ئەسەد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە؛ یارمەتی و هاوکاری کۆماری ئیسلامی لەسۆنگەی شەڕی کۆنەپەرستانەی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق؛ لە سەرکوت و کوشتاری زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە خەڵکی سووریە لەسەردەمی ئاخێزە جەماوەرییەکان لەماوەی زیاتر لە یەک دەیەی لەوەپێش؛ کوشتار و سەرکوتێک کە بە بەشداری و پشتیوانی دەوڵەتی ڕووسیە بەرێوەچوو و دەوڵەتی ئەسەدی لە ڕووخان دەرباز کرد. سووریە لە بواری ژئوپولیتیکییەوە پێگەیەکی گرینگی لە پێشخستنی ستراتێژی زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامی لە دەستڕاگەیشتنی بە لۆبنان و پێکهێنان و پڕچەک کردنی حیزبوڵڵادا هەبووە. بەم هۆکارە دەوڵەتی سووریە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لە یارمەتی دەستئاواڵەی دارایی و نەوتی بەخۆڕایی و باقی خزمەتگوزارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەی دەسەڵاتەکەی بەهرەمەند بووە.

لە جەرگەی پەرەسەندنی ئاگری شەڕ و کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە و هێرش بۆسەر حیزبوڵڵای لۆبنان لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو و هەوڵی هێندێک لە دەوڵەتە دەوڵەمەندە عەرەبییەکان لەوانە عەربستانی سعوودی و ئیمارات بۆ گرتنی پەیوەندی دیپلۆماتیک و گەڕاندنەوەی دەوڵەتی سووریە بۆ ناو کۆڕی "یەکیەتیی وڵاتانی عەرەب" و دانی بەڵێنی یارمەتی دارایی بۆ نۆژنکردنەوەی وێرانیەکانی شەڕی ناخۆی سووریە، پێدەچێت بەشار ئەسەد لە سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی دوور کەوتبێتەوە. لەم ماوەیەدا دەوڵەتی بەشار ئەسەد هیچ پشتیوانی و هاوسۆزییەکی لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا نیشان نەداوە. لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتی سووریە ئیجازەی بەرێوەبردنی هیچ کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی

و پشتیوانیکردنی لە خەڵکی فەلەستین و حیزبوڵڵای لە سووریە نەداوە. بەبۆنەی تیرۆری ئیسماعیل هەنیە لە تاران، نەتەنیا پەیامی نەنارد بەڵکوو ڕێگەی بە حەشدی شەعبیش نەدا لە بەرزاییەکانی جۆلان بۆ هێرشی تولەسەندنەوە دژبە ئیسرائیل کەڵک وەرگرن. بۆ کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا یار و هاوپەیمانی چوار دەیەی ڕابردووی لەگەڵ نیلفرووشان و ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزبوڵڵا، نەتەنیا ماتەمینی گشتی ڕانەگەیاند بەڵکوو دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژ تەنیا پەیامێکی سەرەخۆشیی نارد.

ئەم هەڵوێستانەی سووریە و ئەوەیکە بۆ نەجات دانی حیزبوڵڵا هیچ هەوڵێکی نەداوە، بووەتە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایەتی کۆماری ئیسلامی. تا جێیەک کە عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەفەرەکەی بۆ دیمەشق پەیامی نیگەرانی و ڕەخنەی عەلی خامنەیی لەم بابەتەوە گەیاندە بەشار ئەسەد. کۆماری ئیسلامی بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندی دێرینەی لەگەڵ حکوومەتی سووریە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر حیزبوڵڵا ڕێگە بە هێزە نیابەتییەکانیبە ناو "میحوەری موقاوەمەت" بدات تا لە جۆلانەوە بەرەیەک بە دژی ئیسرائیل چالاک بکەن.

بەڵام حکوومەتی سووریە نەک هەر ئەو داوایەی ڕەتکردەوە بەڵکوو لە مانگی ڕابردوودا چەندین بەربەستی دیکەشی بۆ حزوور و جموجۆڵی حیزبوڵڵا و سپای پاسداران و گروپە تیرۆریستییەکانی تری سەر بە کۆماری ئیسلامی لە سووریە پێکهێناوە. بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتی سکای نیووزی عەرەبی ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەر، ماهیر ئەسەد برای بەشار ئەسەد و فەرماندەی لەشکری چوارەمی سووریە، فەرمانی بە هێزەکانی خۆی داوە کە لە هەر جۆرە هاوکاری و هێنان و بردنێکی دەست و پەیوەندەکانی حیزبوڵڵا و باقی گرووپە میلیشیاکانی سەربە کۆماری ئیسلامی خۆبوێرن. هێزە ئەمنییەکانی سووریە لەم پەیوەندییەدا چەندین ئەفسەریان دەستگیر کردووە کە لە ئەنبارکردنی چەکی حیزبوڵڵا لە شاری "لازقیە" دەستیان هەبووە و ئەو ئەنبارانەیان ئاگر تێبەرداوە. بە میلیشیاکانی بەرزاییەکانی جۆلان و دەوروبەری سنووری ئیسرائیلیش فەرمان دراوە کە هێزەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نەکەنە ئامانج و ئەو ناوچانە جێبهێڵن. ئەم فەرمانانە لە ڕێککەوتن لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی ڕووسیە لە سووریە دەرکراوە و تەنانەت قەرارە واحیدێکی گەشتی هاوبەشی سووریە و ڕووسیە بۆ کۆنترۆڵی زیاتری ناوچە سنوورییەکان پێکبێت.

لە هەنگاوێکی دیکەدا ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، هێزەکانی حکوومەتی سووریە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەزارگەی زەینەب لە دیمەشق دەستیان بەسەر دوو حەشارگەی چەکی حیزبوڵڵادا گرت. خەڵکی ستەملێکراوی سووریە سەبارەت بە حزووری هێزەکانی سپای پاسداران و حیزبوڵڵا و باقی ملیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، سەبارەت بە ئەنبارکردنی چەک و کەرەستەی نیزامی حیزبوڵڵا و سپای پاسداران لە ناو شارەکان نیگەرانییان دەربڕیوە. ئەم نیگەرانییە لە کاتێکدایە کە حکوومەتی سووریە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە یەکجار لاواز بووە و لەم ماوەیەدا نەیتوانیوە لە بەرامبەر بۆمبارانی بەردەوامی ئیسرائیلدا کاردانەوەیەک نیشان دات و پارێزگاری لەخۆشی بکات. لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ و قەیرانی قووڵی ئابووری، بارودۆخی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە هێندە فەلاکەتبارە کە ٩٠ لەسەدی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ تائێستا زامی قووڵی شەڕی جنایەتکارانەی هاوبەشی دەوڵەتی سووریە و کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە کە گشت ژێرخانەکانی سووریەی لەناو برد، سارێژ نەبووەتەوە؛ تا ئێستا کاریگەریی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا بەردەوامە و هەژاری، برسیەتی و بێکاری ژیانی خەڵکی بەرەورووی مەترسی جیددی کردووەتەوە؛ تائێستا زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس لە خەڵکی سووریە لە وڵاتانی دراوسێ ئوردن، تورکییە، عێراق، لوبنان و وڵاتانی تر ئاوارە و پەنابەرن و لە دۆخێکی نالەباردا دەژین و دوای ١٣ ساڵ ئاوارەیی نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ سووریە. ئەم کارەساتانە و کوژرانی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەس و برینداربوونی پتر لە یەک ملیۆن کەس، بەشێک لە کارنامەی هاوکاری و هاوپەیمانی دەوڵەتانی دیکتاتۆر و تاوانباری سووریە و کۆماری ئیسلامییە.

بەڵام گۆڕانی ئاراستەی دەوڵەتی سووریە و نزیک بوونەوەی لە دەوڵەتانی عەرەبی و دوور کەوتنەوەی لە کۆماری ئیسلامی، فاکتۆرێکی دیکەی شکستی ستراتێژی بەناو "هێرشی پێشگرانە"ی کۆماری ئیسلامییە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ستراتێژییە سەدان ملیارد دۆلاری لە بەرهەمی ڕەنج و کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران، لە سووریە خەرج کردووە و لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە یارمەتی بەرینی دارایی و بە پێدانی نەوتی بەخۆڕایی و بە بەشداریکردن لە کوشتار و سەرکوتی ناڕەزایەتیی خەڵکی ستەملێکراوی سووریە، لە ڕاگرتنی دەوڵەتی تاوانباری بەشار ئەسەددا ڕۆڵێکی سەرەکی بووە.

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بۆ مەحکووم کردنی حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی



ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی مانگی خەزەڵوەر پارێزەرانی وریشە مورادی ناسراو بە "جوانا سنە" چالاکی سیاسی، ڕایانگەیاند کە لقی ١٥ی دادگای ئینقلاب بە سەرۆکایەتیی ئەبولقاسم سەلەواتی پێی ڕاگەیاندوون کە بۆ ئەم ژنە چالاکە سیاسییە کوردە بە تۆمەتی "بەغی" حوکمی ئێعدامی دەرکردووە. ئەم دادگا فەرمایشییە و ئەم حوکمە سیاسییە لە کاتێکدا بەڕێوەچووە و دەرکراوە کە ئەم قازییە تاوانبارە نە بە خودی وریشە و نە بە پارێزەرانی ئیجازەی دیفاع لە خۆی نەداوە. ئەو تەنانەت ئیجازەی بە پارێزەرەکانی نەداوە پەروەندەی تۆمەتەکانی وریشە ببینن و تەنیا دوای کۆتایی دووەمین دانیشتن بۆ ماوەی چەند سەعات ئیجازەی داوە کە پەروەندەکە بخوێننەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە کەیفەرخواستی سەرەتاییدا داوای سزای زیندانیکردن بۆ وریشە مورادی کرابوو، بەڵام ئەم قازییە جەلادە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە

وریشە مورادی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٢دا بە تۆمەتی ئەندامەتی لە ڕێکخراوی ژنانی "کەژار" لە دەوروبەری شاری سنە، وێڕای لێدان و توندوتیژی دەستبەسەرکرا و زیاتر لە پێنج مانگ لە ژووری تاکەکەسی دەستبەسەرگەی وەزارەتی ئیتلاعاتدا خرایە ژێر بازجوویی و ئەشکەنجەی وەحشیانەوە. یەکەمین دانیشتنی بەناو دادگایی ئەم ژنە تێکۆشەرە لە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. قازی سەلەواتی لە مانگی گوڵانی ئەمساڵەوە هەتا ئێستا ئەم ژنە خەباتکارەی بە هۆکاری چالاکی سیاسی، لە مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەشی بێبەری کردووە. پێویستە بوترێ کە کۆماری ئیسلامی لەدرێژەی بۆچوونی تۆڵەسەندنەوە و سیاسەتی فشاری زیاتر بۆسەر خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و بەتایبەت ژنان، سەرەتای مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ بۆ پەخشانی عەزیزی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەتۆمەتی کۆنەپەرستانەی "بەغی" حوکمی ئێعدامی دەرکرد. گیانی ئەم بەندکراوە سیاسییەش کە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٢ دەستبەسەرکراوە، لە مەترسیدایە

پەرەپێدانی دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ زیندانیان بەتایبەت زیندانیانی سیاسی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ئامانجی سیاسی و بەدوور لە هەموو یاسا و پرەنسیپێک، بە پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مەدەنی و ئینسانی بەڕێوەدەچێت، نیشانەی ئەوپەڕی داماوی و لێقەوماویی ئەم دەسەڵاتەیە. ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتیدا هەرکات قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی توند بووەتەوە، هەرکات بەرنامە سیاسی و ستراتێژیکەکانی شکستی خواردووە، لە ئێعدامی زیندانیان وەک ئامرازێک بۆ پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا کەڵکی وەرگرتووە. لەم بوارەدا لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٨٥٠ کەس لە زیندانیانی ئێعدام کردووە. هەفتەی ڕابردوو تەنیا لە دوو ڕۆژدا ٢٧ زیندانی لەلایەن ڕژیمەوە ئێعدام کران. لەم پەیوەندییەدا وریشە مورادی لە نامەیەکدا لە زیندانەوە داوای لە جەماوەری خەڵک کردبوو کە: "ڕێگە مەدەن شەڕی دەرەوەی سنوورەکان سێبەر بخاتە سەر بابەتی سەرکوتی ناوخۆیی. ڕێگە نادەین دەنگی تێکۆشەرانی ناوخۆ لە هەراوگرمەی شەڕ و ماجەراجوویی بێ ئاکامدا ون بێ"

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

واقعیەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە داسەپاندنی سیاسەتی سیستماتیکی ئێعدامی زیندانیانی سیاسیش بۆ پەرەپێدانی خۆف و وەحشەت شکستی خواردووە و نەیتوانیوە کەشوهەوای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران، ژنانی تێکۆشەر، موعەلیمان، خوێندکاران، پەرستاران و خانەنشینان هەروا درێژەی بووە و پەرەیسەندووە. هەر بەدوای دەرکرانی حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی مانگی خەزەڵوەر، ژنانی خەباتکار لە زیندانی ئێڤین لە نارەزایەتی دژبە حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی و پەخشان عەزیزیی هاوبەندیان، کۆبوونەوەیان بەرێوەبرد. و بە وتنەوەی دروشمی بەهێزی وەک "پەخشان – وریشە، بەندی ژنان هاودەنگ و هاوپەیمان، هەتا هەڵوەشاندنەوەی ئێعدام، ڕاوەستاوین تا ئاکام"، "وریشە مورادی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت - حکوومەتی ئێعدامی دەبێ نابوود بکرێت"، "دەرکردنی حوکمی ئێعدام، تۆڵەی حاکمان، لە ژنانی کوردستان، تا هەر شوێنێکی ئێران". وە بە چەندین دروشمی دیکە نیشانیان دا کە ئێعدام ناتوانێ چاوترسێنیان بکات و ئەوان لە داخوازیی هەڵوەشاندنەوەی ئێعدام و باقی ویستەکانیان پاشگەز کاتەوە

بێگومان ئەم حوکمە جنایەتکارانە بە نارەزایەتی زیاتر لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وڵام وەردەگرێتەوە. کۆمەڵە لە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران داواکارە کە بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی و بە هاوارکردنی دروشمی "وریشە مورادی دەبێ ئازاد بکرێت، سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، هەروەک چۆن حکوومەتی ئیسلامییان ناچار کرد کە حوکمی تاوانکارانەی شەریفە محەممەدی هەڵوەشێنێتەوە، ڕژیم بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی و ئازادکرانیان لە زیندان بخەنە ژێر فشارەوە. پێویستە بە پەرەپێدانی فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکردنی ئەمجۆرە حوکمانە بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گران تەواو بێ تا نەوێرێ بە هێرش کردنە سەر گیانی زیندانیان، ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەدی بێنێت

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ی هەتاوی

١١ نوامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

***

## سەرکەوتنی ترامپ و شەیدایی عەبدوڵڵا موهتەدی
## خەڵکی کوردستان دۆستانی درۆینەی خۆیان باشتر دەناسن

هەڵبژاردنەوەی دووبارەی ترامپ وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٥ی نوامبری ٢٠٢٤، بۆ چینی کرێکار، بزووتنەوەی ژنان و کەمینە جنسییەکان، ڕەنگین پێستەکان، بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرستی و ١١ ملیۆن پەنابەر کە ترامپ بەڵێنی دەرکردنیانی داوە، بۆ بزووتنەوەی ژینگەپارێزی و جەماوەری ملیۆنی پەراوێزخراوان و هیتر، لە نەوعی خۆیدا کارەساتە. ترامپ وەک نوێنەری ڕەوتێکی ئۆڵترا ڕاستی پۆپۆلیست توانیی تووڕەیی و نارەزایەتیی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگای ئەمریکا لەدژی ئاکامی وێرانکەری بەرنامەی ئابووریی نێئۆلیبراڵی، گرانی، فریزکرانی حەقدەستەکان، دابەزینی ئاستی ژیان، قووڵبوونەوەی بۆشایی چینایەتی و شەڕ و جینۆساید لە غەززە بەلاڕێدا بەرێت و لەدژی کۆچبەران و پەنابەران و بەرەی چەپی کۆمەڵگا کاناڵیزەی بکات. لە کاتێکدا کە ئاکامی سیاسی ئەم ڕەوتە کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئەمریکای لە پارتە دەسەڵاتدارەکان هەڵگەڕاندبووەوە و خوازیاری گۆڕانکاری بوون، کامالا هەریس درێژەی بارودۆخی ئێستای نوێنەرایەتی دەکرد. ڕەوتی چەپی کۆمەڵگا لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای جموجۆڵی خەباتکارانە و هیوابەخشی لەماوەی ساڵانی ڕابردوو هێستا نەیتوانیوە خۆی لە بەرەیەکی سیاسیدا ڕێک بخات، لە وەها هەلومەرجێکدا ترامپ بە دروشمی ناسیۆنالیستی و دژەپەنابەری و بە بەڵێنی کەمکردنەوەی ماڵیات بۆ سەرمایەداران و بە بەڵێنی پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری توانی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە

دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ترامپ لە کاتێکدا کە سەرانی دەوڵەتەکان لە گۆشە و کەناری جیهان سەرەڕای بێ تەفاوتی یا پێناخۆشبوونیان لەئاست ئەم هەڵبژاردنە دووبارەی ترامپ، لە چوارچێوەی نەریتی دیپلۆماسیدا پیرۆزباییان لێکرد. بەڵام ڕەوتە ئۆڵترا ڕاست و فاشیستەکانی وەک "براکان لە ئیتالیا"، "بەدیل بۆ ئاڵمان"، "باڵی ڕاستی ناو حیزبی پارێزکاری بریتانیا"، "مارین لۆپن لە فەڕانسە"، "حیزبی ئازادی لە ئۆتریش"، "دیموکراتە سۆئێدییەکان"، "حیزبی ئازادیی ئارژانتین" و هیتر لە سەرتاسەری جیهان بەخاتری ئەم سەرکەوتنە سەرخۆش بوون و هێزیان لێ وەرگرت. نەتانیاهۆی خوێنڕێژ بەر لە هەمووان جێژنی ئەم سەرکەتنەی گرت و پەیامی پیرۆزبایی نارد. لەو نێوەدا ڕەزا پەهلەویش لە پەمامی خۆیدا بۆ ترامپ نووسیی: "ئێستا ئێوە دەرفەتی ئەوەتان هەیە کە مێژوو دروست بکەن و لەڕێگەی یارمەتیدان بۆ کۆتاییهێنان بەم هەڕەشەیە، یەکجار بۆ هەمیشە، میراتێک لە ئاشتیی پایەدار بەجێبهێڵن". عەبدوڵڵا موهتەدیش لە پەیامێکدا وێڕای ئاراستەکردنی گەرمترین پیرۆزبایی خۆی بەبۆنەی سەرکەوتنی ترامپ نووسیی: "هیوادارام کە پەیوەندی دۆستانەی خەڵکی کورد لە ئێران لەگەڵ حکوومەتی




ئەمریکا قایمتر بێت و لە سەرۆک کۆماری ئەمریکا چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە لە شەڕ دژبە نیزامی دڕندە و سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران، لە داخوازیەکانی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی، ئاشتی و سەقامگیری پشتیوانی بکات"

ڕەزا پەهلەوی و عەبدوڵڵا موهتەدی دەیانهەوێ ترامپ بە دەیان پەروەندەی گەندەڵی ماڵی و ئەخلاقییەوە کە لای بیروڕای گشتی زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا و جیهان بە هێمای فاشیسم ناسراوە، وەک قارەمانی ئاشتی پایەدار و پشتیوانی ئازادی، ئاشتی و سەقامگیری لە ئێران و کوردستان پێناسە بکەن. ئەوەش لە کاتکێدایە کە ئەزموونی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمەکانی تاڵەبان و سەدام، لەسەر کار لابردنی قەزافی لە لیبی بەزەبری فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ناتۆ، بێجگە لە وێرانی، ئاوارەیی، ناسەقامگیری و هەژاری و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی توندڕەو، ئاکامێکی تری نەبووە

پەیامی پیرۆزبایی ڕەزا پەهلەوی و عەبدوڵڵا موهتەدی درێژەی مەنتقی پڕۆژەی ڕسوا و شکستخواردووی "جۆرج تاوان"ی واشینگتۆن لەڕێکەوتی ١٠ی فێوریەی ٢٠٢٣یە. لەو کاتەدا میدیا دەستی ڕاستییەکان هەوڵیان دا تا ئەم پڕۆژەی ڕاسترەوترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران بەئامانجی ئاڵترناتیڤ سازی لەسەر سەری جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران وەک کۆبوونەوەی کەسایەتییە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەدەرەوەی وڵات دەرخواردی بیروڕای گشتی بدەن. ڕەزا پەهلەوی کە ڕێبەری ئەم پڕۆژەیە بوو و لە جەرگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا سەرەتا هەوڵی دا بە نەبیستنی دروشمی "مەرگ بۆ ستەمگەر، چ شا بێت و چ ڕێبەر" و بە تەبلیغی دروشمی پیاوسالارانە و ناسیۆنالیستی "پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی" ناوەرۆکی ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوە بەلاڕێدا بەرێت، لە درێژەدا هەوڵی دا بە یارمەتیی کۆڕوکۆمەڵ و میدیا ئەمپریالیستییەکان و بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی سێلێبریتییەکانی لایەنگری، لە زانکۆی جۆرج تاونی واشینگتۆن، پڕۆژەی ئاڵترناتیڤ سازیی خۆی بەرەوپێش بەرێت



عەبدوڵڵا موهتەدی و ڕێکخراوە دڵخوازەکەی کە دوای جیابوونەوە لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هاوینی ساڵی ۲۰۰۰ بەخێرایی لە بنەمای فکری و سوننەتی پێشڕەو و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە دوور کەوتەوە و لە پەراوێزی حیزبە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان جێگای خۆشکرد، لە بواری نزیکبوونەوە لە ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی و سەڵتەنەتخوازەکان، بۆ بەلاڕێدابردن و تێکشکاندنی بزووتنەوەی "ژن ژیان ئازادی" بەم پڕۆژە کۆنەپەرستانەیە پەیوەست بوو. عەبدوڵڵا موهتەدی کە بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ئاڵترناتیڤ سازی پووشاڵی لەسەر سەری خەڵکەوە سواری ئوتوبووسی خۆڕایی شازادە ببوو، لەڕاستیدا تەنیا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندبوو بۆ ئەوەیکە لە ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا، ببێتە ئامرازی فشاری کۆنترۆڵکراو لە دەستی کۆڕوکۆمەڵی ئیمپریالیستی ئەمریکا و هاوبەشەکانی بۆ سات و سەودای پشتی پەردەیان لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.

پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی ترامپ درێژەی هەر ئەم تێڕوانین و هەڵوێستەیە. لە عەبدوڵڵا موهتەدی و ڕێکخراوە دڵخوازەکەی کە لە قۆناغێکیشدا لە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی بۆ بێ ئیعتبار کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە هیچ هەوڵێک کۆتایی نەدەکرد، لەوە زیاتر چاوەڕوانی لێناکرێت. بەڵام لەو جێگەوە کە ئەم ئاراستەیە و هیواداربوون بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا و ترامپ بووەتە سیاسەتی ستراتێژیکی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و بورژوازی، وە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەیەک لە هەستی دڵساردی و بێهوایی لە کۆمەڵگادا کە ئەم هێزانە لێی تەغزییە دەکەن، پێویستە لەئاست ئەو زەرەر و زیانانەی کە ئەم ئاراستەیە دەتوانێ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئێرانی بدات، هۆشداری بدرێت

ئەم ئاراستەیە بەر لە هەموو شتێک زەربە لە ئیعتباری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و ڕزگاریبەخشی خەڵکی کوردستانی ئێران دەدات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران نەتەنیا هاوپەیمانی ترامپیزم و بزووتنەوەی فاشیستی لە ئەمریکا و هیچ گۆشەیەک لە جیهان نییە، بەڵکوو بە پێی ناوەرۆک و سرووشتی خواستەکان و بەپێی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەباتێک کە بەڕێوەی بردووە، بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دژەهەڵاواردن لە سەرتاسەری جیهانە و لە بەرەی بەرامبەری دەوڵەتەکان و ڕەوتە ڕاسیست و فاشیستەکاندایە. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هیچ کات ناچنە بەرەی ترامپەوە. واتە بەرەیەکی ئۆڵترا ڕاست، دژی ژن، دژی پەنابەر و پشتیوانی بێ شەرت و مەرجی کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە. خەڵکی کوردستان هاوپشتی پڕ گڕوتینی بیروڕای پێشڕەوی جیهان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و ژن، ژیان، ئازادییان لەبیر نەکردووە و هێستاش هێزی لێ وەردەگرن

کەوایە ئەم ئاراستەیەی عەبدوڵڵا موهتەدی نەتەنیا ناتوانێ هیچ بۆشاییەک لە خەباتی ڕزگاری بەخشی خەڵکی کوردستان و هاوپەیمانەکانی واتە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکی بەرابەری تەڵەب و ئازادیخواز لە ئێران و سەرتاسەری جیهان پێک بێنێت، بەڵکوو بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران دەرفەتی ئەوەی خوڵقاندووە تا دۆستانی درۆینەی خۆیان باشتر بناسن

پەیامی عەبدوڵڵا موهتەدی بۆ ترامپ لە بواری شیکاریشەوە لەو هەڵسەنگاندنە نادروستەوە سەرچاوە دەگرێ کە گۆیا ترامپ دەیهەوێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕاوێژکارانی نزیکی ترامپ ڕایانگەیاندووە کە ئەو بەنیازی ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی نییە. واقعییەت ئەوەیە کە لەگەڵ شکستی ستراتێژی شەڕی پێشگرانەی حکوومەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرانی ڕژیم لە سەروبەندی نۆشینی جامی ژەهرێکی دیکەدان. هەرکات سەرانی ڕژیم ئەم شکستە بەڕەسمی بناسن و ئامادەی نۆشینی جامی ژەهر بن، ئەوکات دەوڵەتی ترامپ زۆر نەرم و نیانتر لە دەوڵەتی دیموکراتەکان بە بێ ئەوەیکە پرسەکانی پەیوەندیدار بە "مافی مرۆڤ" بکاتە بیانوو، ئامادەی وتووێژ و سازش دەبێت و تویتەکەی عەبدوڵڵا موهتەدیش لەسەر دەستی دەمێنێتەوە. ئەم پێگە لاوازەی کۆماری ئیسلامی بەر لەوەیکە بەرهەمی فشارەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و یان زەربەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە حیزبوڵڵا و نەسروڵڵا و سپای پاسداران بێت، بەرهەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە کە پشتی جەبهەی نائەمن و زەویی ژێر پێی حکوومەتی ئیسلامی داغ کردووە

عەبدوڵڵا موهتەدی بێهیوا و پەراوێزکەوتوو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، وا دەنوێنێ کە کۆمەڵگاش هەروەک خۆی دڵسارد و بێهیوایە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە ستراتێژی چاوەڕوانی و دەست لەسەر دەست دانان و ئومێد بەستن بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان و ترامپ بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی دڕندەی ئیسلامی بخاتە جێگای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر. ئەو بە پەرەپێدانی ئەم پاسیفیزم و ئینفعال لەناو جەماوەر، بەشێوەیەکی تر هەمان پڕۆژەی دەست بە دەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لەسەرەوە بە بێ بەشداریی خەڵک بەرەوپێش دەبات. چونکە ئەو بە ئەزموون بۆی دەرکەوتووە کە تەنیا لە ئەگەری پەراوێزخرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە پڕۆسەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ خۆ بە ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە هەڵاوەسێ

بەڵام بەپێچەوانەی خەون و خەیاڵەکانی عەبدوڵڵای موهتەدی، خەڵکی کوردستان لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە هەتا ئێستا نیشانیان داوە کە نزیکترین ڕێگا بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە لە هاوپشتی و هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەلایەتییە ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازەکان لە سەرتاسەری ئێراندا دەبینن. ئەم دەستکەوتە بەرهەمی هاوبەشی خەبات و چالاکی هۆشیارانەی کۆمۆنیستەکان و تێکۆشان و ئەزموونی خودی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی چەوساوە لە کوردستان بووە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستان بە هوشیاری و بە ئەزموونی خۆیان لە ستراتێژی حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە "هیواداربوون بە ئیسلاح تەڵەبانی حکوومەتی، هیواداربوون بە وتووێژ لەگەڵ ڕژیم و دڵخوشکردن بە دەستتێوەردانی دەسەڵاتی دەرەکی بۆ تێپەڕیون و ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامییە"، وەدیهێنانی ئامانج و داخوازییە ڕەواکانی خۆیان لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەریدا دەبینن. لەم ڕووەوە سرووشت و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەمجۆرە ئاراستە و پڕۆژانە بۆ دەست بە دەست کردنی دەسەڵات لە سەرەوە، پێویستە ئاشکرا بکرێت و لەقاوبدرێت

دەبێ زیاتر لە ڕابردوو و بەشێوەی ماندوویی نەناسانە لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا باس لە گرینگی بەشداریی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا، باس لە زەرووەرەتی پێکهێنانی شۆراکان و ناوەندە جەماوەرییەکان لە شوێنەکانی کار و لە گەڕەکەکانی شار و گوندەکانی کوردستان بکرێ و باس لە گرینگی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەخوارەوە بکەین. بەشداریی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی ستەم لێکراو لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و هەوڵ بۆ پێکهێنانی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان نەتەنیا کاریگەرترین ڕێکارە لە خەبات بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی سەرکوت و ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو هەر لەم ڕێگایەشەوە دەکرێ ستراتێژی حیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و هەوڵی ئەوان بۆ داگیرکردنی دەسەڵات لە سەر سەری خەڵکەوە، بەرەوڕووی شکست بکرێتەوە. ئەو هێزە بەناو کۆمۆنیستانەش کە ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی عەبدوڵڵای موهتەدی بە کۆمەڵە ناو دەبەن، دەبێ تاوانی سیاسی ئەم ڕاستڕەوییەی خۆیان بدەنەوە

❊❊❊

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

# "ئاهوو دەریایی" شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و پشتیوانییە!



"ئاهـوو دەریایـی" خوێنـدکاری زانکـۆی زانسـت و توێژینـەوە لـە کردەوەیەکـی بوێرانـەدا لـە ناڕەزایەتـی بەرانبـەر بـە فشـاری سـەرکوتگەرانی ڕژیمـی جنایەتـکاری ئیسلامـی، لـە کاتێکـدا کـە لەلایـەن ئـەم هێزانـەوە گەمارۆ درابـوو بـە داکەندنـی جلەکانـی بـۆ جارێکـی تـر ڕق و بێزاریـی کچـان، ژنـان و خەڵکـی کۆمەڵـگای ئێرانـی جەسـوورانە نیشـان دا. هەواڵـی ناڕەزایـی بێباکانـەی ئـەو دەسـتبەجێ بـوو بـە سـەردێڕی هەواڵـی میدیـاکان و نموونەیەکـی تـری لـە عەزەمەتـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی و بەرابـەری تەڵەبیـی ژنانـی ئێرانـی بـە هەمـوو دنیـا نیشـان دا

ناڕەزایەتیـی "ئاهـوو دەریایـی" وەک حەرەکەتێکـی هێماییـن، ناڕەزایەتییـە دژبـە نیزامـی ئاپارتایـدی جنسـی، فەرهەنگـی پیاوسـالاری و هەمـوو یاسـایەکی کۆنەپەرسـتانەی دژی ژن کـە بـە درێژایـی ئـەم ٤٥ ساڵە بەسـەر ژنانـی ئێرانـدا سـەپاوە. کـردەوەی بوێرانـەی "ئاهـوو دەریایـی" لـە ناڕەزایەتیـی گشـتی کۆمەڵـگا و ئەساسـەن لـە بزووتنـەوەی سەرتاسـەری ژن، ژیـان، ئازادییـەوە سـەرچاوە دەگـرێ. کـە توانیـی هاوسـەنگیی هێـز بـەدژی ڕژیـم و بەقازانجـی خەباتـی خەڵکـی وەگیانهاتـوو لـەم نیزامـە دیکتاتـۆری و زەبروزەنگـە بگـۆڕێـت. کۆمەڵـگەی ئێـران و دەرەوەی ئێـران بـە تـەواو مانـا پشـتیوانی لـەم کچـە بێبـاک و جەسـوورە دەکات و بایـەخ بـە هەڵیـت و پلێتـی کۆنەپەرسـتان نـادات کـە هەوڵـی پووچەڵکردنـەوەی ئـەم کـردەوە شۆڕشـگێڕانەیە دەدەن

ناڕەزایەتیـی بەردەوامـی ژنـان و پیاوانـی ئازادیخـواز لـەدژی هەڵاواردنـی ڕەگـەزی و نیزامـی پڕلـە جیـاکاری و نابەرابـەری، بـە بەرینایـی گشـت کۆمەڵـگا لەئارادایـە. "ئاهـوو دەریایـی" لـەم نەبـەردە نابەرابـەرەدا بەتەنیـا نییـە. ئـەو منداڵـی کرێـکاران، خانەنشـینان، پەرسـتاران و منداڵـی هەمـوو ئـەو ئینسـانە ناڕازییانەیـە کـە بـە خەباتـی لێبڕاوانەیـان خەویـان لـە چـاوی خوێنڕێژانـی ڕژیمـی ئیسلامـی تارانـدووە. تێکۆشـانی پیـاوان و ژنانـی ئازادیخـواز لـە دژی حیجابـی زۆرەملێـی بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە خەباتـی چینـی کرێـکار و هەمـوو بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکانـی ئێـران، کـە دەسـتەبەرکردنی ئـازادی بـۆ هەمـوو کۆمەڵـگای لەئاسـۆدایە. خەباتێـک کـە بێگومـان ژنـان تێیـدا ڕۆڵـی پێشـەنگیان بـووە و دەیانبێـت

بـۆ پشـتیوانیکردن لـە "ئاهـوو دەریایـی" چ لـە نـاوەوە و چ لـە دەرەوەی وڵات نابـێ لـە هیـچ هەوڵێـک دەریـغ بکەیـن. "ئاهـوو دەریایـی" شـایەنی زۆرترین حمایـەت و پشـتیوانیی خەباتکارانەیە. داوا لـە هەمـوو حیـزب و ڕێکخـراو و ناوەنـدە مرۆڤدۆسـت و ئازادیخـوازەکان دەکەیـن کـە بـۆ ڕزگارکردنـی دەسـتبەجێی گیانـی "ئاهـوو دەریایـی" تێبکۆشـن

**نا بۆ حیجابی ئیجباری، هێمای بێڕێزی بە حورمەتی ئینسان**

**مەرگ بۆ کۆماری سەرمایەداریی ئیسلامی**

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣

٥ی نوامبری ٢٠٢٤

❊❊❊

# ڕژیمی دز و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی قامکی دەستی دوو برای پەڕاند
# خەڵکی ئازادیخوازی ئێران! لەدژی ئەم تاوانە قێزەونە ناڕەزایەتی دەربڕن



ڕۆژی سێشـەممە ٨ی مانگـی خەزەڵـوەر جەلادانـی حکوومەتـی ئیسلامـی لـە کردەوەیەکـی تاوانبارانـە و قیزەونـدا لـە زیندانـی ناوەندیـی ورمـێ، چـوار قامکـی دەسـتی ڕاسـتی دوو برایـان بـە دەزگای گیوتینـی سـەردەمی کۆیلەتـی پەڕاند و ڕەوانـەی زیندانیان کردنـەوە. بـە وتـەی سـەرچاوە ئـاگادارەکان ئـەم دەزگای "زێبـح"ە ئیسلامییـان هـەروا لـە زیندانـی ناوەندیـی ورمێـدا ڕاگرتـووە تـا قامکـی دەسـتی پێنـج زیندانیـی دیکەشـی پـێ بپەڕێنـن. تـا ئەوانیـش بەپێـی یاسـای ئیسلامـی بـە سـزای پەڕاندنـی دەسـت مەحکـووم کـراون. بـە پێـی ڕاپۆرتـە بڵاوکـراوەکان، پلان بـۆ ئـەم کارە قێـزەون و دژە ئینسـانییە لـە لایـەن حوسـێن مەجیـدی دادسـتانی تاوانـکاری ورمـێ و پـەیمان خانـزادە بەرپرسـی زیندانی ناوەندیـی ئـەم شـارە دارێـژراوە. ئـەم دوو برایـە لـە دایکبـووی سـەرپێڵی زەهـاو و دانیشـتووی کـەرەج بـوون کـە بـە ئیدیعـای ئیـدارەی "ئاگاهـی"ی ورمـێ، لـە سـاڵی ١٣٩٧دا لەگـەڵ برایەکـی دیکەیـان بـە تۆمەتـی دزی دەستبەسـەر کرابـوون. ئەمـەش لـە کاتێکدایـە کـە ئـەم دوو بـرا زیندانییـە مانگـی گەلاوێـژی سـاڵی ٩٨ لـە دادگای تایبـەت بـە منداڵان و تـازەلاوان لـە ورمـێ بـە تۆمەتـی دزی، بـە سـزای کۆنەپەرسـتانەی پەڕاندنـی قامکـی دەسـت مەحکـووم کرابـوون. ئـەم دوو برایـە ڕۆژی ٢ی مانگـی خەزەڵـوەر بـە بـێ ئاگادارکردنـەوەی بنەماڵەکەیـان بـۆ جێبەجێکردنـی حوکـم لـە زیندانـی ئیسـلام ئابـادی غەربـەوە بـۆ زیندانـی ورمـێ ڕاگوێزرابـوون

سـزای تاوانکارانـەی پەڕاندنـی ئەندامـی جەسـتە کـە تەنیـا لـە کۆمـاری ئیسلامـی و ڕژیمـی تاڵەبانـدا ئەنجام دەدرێـت، بە یەکێک لـە نموونـە ڕوونەکانـی ئەشـکەنجەدان و تاوانـە نێونەتەوەییـەکان دادەنرێـت. ئیبراهیـم ڕەئیسـیی قاتـڵ چەندیـن سـاڵ لەمەوبـەر ئـەم کـردەوە قیـزەون و دژەئینسـانییەی بـە یەکێـک لـە شـانازییەکانی نیزامـی کۆمـاری ئیسلامـی ناودێـر کردبـوو. ئەم سـزا ئیسلامییـە نەتەنیا لەسـەر ژیانـی کەسـەکە بەڵکـوو لەسـەر ژیانـی گشـت ئەندامانـی بنەماڵەکەشـی کاریگـەری دادەنێـت. کەسـێک کـە دەسـتی دەپەڕێنـن، بـە درێژایـی تەمەنـی ناتوانێـت کارێـک بدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بژێـوی خـۆی و خێزانەکـەی پـێ دەسـتەبەرکا. ئـەم سـزایە دژە ئینسـانییە، کـە زیـان بـە کەرامەتـی مـرۆڤ لـە کۆمەڵـگادا دەگەیەنێـت، دەبـێ بـە توونـدی سـەرکۆنە و مەحکـووم بکرێـت. لـە ڕوانگـەی حاکمانـی کۆمـاری ئیسلامییـەوە، گۆیـا پەڕاندنـی دەسـت سزایەکە کـە خەڵـک دەترسـێنێت و کەس ئیتر دەسـت بـۆ دزی نابـات. ئـەم دەسـەڵاتە دز وگەندەڵـە زیاتـر لـە ٤٥ سـاڵە بـەو یاسـا دژەئینسـانییە و بـەو تەسـەورە نەزانانـە دەسـت و پـای سـەدان ئینسـانی لێقەومـاوی پەڕانـدووە، بـەڵام ڕێـژەی تـاوان و دزی نەتەنیـا کـەم نەبووەتـەوە بەڵکـوو زیاتریـش بـووە. چونکـە هـۆکاری سـەرەکیی دزی و تـاوان نەزمـی نیزامـی زاڵمانـە و نابەرابـەری سـەرمایەدارییە و بـۆ نەمانـی دەبـێ ئـەم نەزمـە ڕیشـەکێش بکرێـت

کۆمـاری ئیسلامـی هەتـا ئێسـتا وە بەتایبـەت لـە بارودۆخێکـدا کـە لـە بەروپێـش بردنـی سیاسـەتە سـەرەکییەکانیدا بـەرەوڕووی شکسـت بووەتـەوە، بـە ئامانجـی پێکهێنانـی تـرس و تۆقانـدن لەئاسـتی کۆمەڵـگا و بـە مەبەسـتی ڕێگـری کـردن لە سـەرهەڵدانی ناڕەزایەتـی و ئاخێـزی جەمـاوەری، دەسـتی کـردووە بـە هێرشـی بەرینـتر بۆسـەر گیانـی زیندانییانـی بێدیفـاع. لـەم قۆناغـەی دواییـدا کـە سیاسـەتی ناوچەیـی و ستراتێـژی "شـەڕی پێشـگرانە"ی لەڕێگـەی تاقمـە تیرۆریسـتەکانی نـاسراو بـە "میحـوەری موقاومـەت" لەگـەڵ شکسـت بـەرەوڕوو بووەتـەوە، دەیهـەوێ بـە پەرەپێدانـی ئێعـدام و پەڕاندنـی ئەندامانـی جەسـتەی بەندکـراوان کەشـوهەوای تـرس و تۆقانـدن لـە کۆمەڵـگادا پێکبێنێـت

بـەڵام کۆمـاری ئیسلامـی لـە کاتێکـدا بـە تاوانـی دزی، خەریکـی پەڕاندنـی دەسـت و پێـی ئـەو کەسـانەیە کـە بەهـۆکاری بێـکاری،

گرانی، هەژاری و برسیەتی بەناچار ڕوویان کردووەتە وەها کارێکی نەشیاو، کە یەکەم، هەژاری و برسیەتی بەشێکی ئاکامی دەسەڵاتی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی و بەشێکی تری ئاکامی گەندەڵی و دزیی هەزاران ملیارد تمەنیی ڕێبەران و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران، بەرپرسان و ئاغازادە مفتەخۆرەکانە. دووهەمیش سەرۆک و بەرپەرسانی دەزگای قەزایی ڕژیم بەهۆکاری ئەوەیکە خۆشیان دز و شەریکی قاقڵەن، ناوێرن بەرەنگاریان بنەوە. لەئاست پەروەندەی گەندەڵی، دزی و بەرتیلخۆریی ئەواندا بێدەنگی دەگرنە بەر و زمانیان ناگەڕێ. بەڵام دەست و پێی ئەو کەسانە دەپەڕێنن کە بەهۆی هەژاری و نەبوونییەوە دەست بۆ دزی کردن دەبەن

لە تازەترین نموونەی گەندەڵی و دزیی بەرپرسانی حکوومەتدا، ڕۆژی سێشەممە ٨ی مانگی خەزەڵوەر مالک شەریعەتی ئەندامی کۆمیسیۆنی ئێنێرژیی مەجلیس لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا، بە بێ ناوهێنانی کەسەکان وشوێنی تاوانەکەیان، لە کێبرکێیەکی جناحیدا ناو حکوومەتدا ئاشکرای کرد کە: "چەندین ساڵە لە یەکێک لە پاڵاوگەکان، لەژێر خەتی لوولەی نەوتیدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ لوولەیەکی لێ جیاکراوەتەوە و نەوت دەدزرێت و دەفرۆشرێ". ئەو وتی بەرپرسانی پەیوەندیدار بە چاوەدێریی وردی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت دەیانتوانی لەم دزییە ڕێگری بکەن، بەڵام نەیانکرد. لەم پەیوەندییەدا مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢ سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی، وێنەگەلێکی لە چەند تیمی پیشەیی بڵاوکردەوە کە لەماوەی دوو ساڵدا بە لێدانی توونێل نفووزیان کردبووە ناو پاڵاوگەی نەوتی تارانەوە و لەسەر لوولەی سەرەکیی ئەم پاڵاوگەیەوە نەوتیان دزیبوو و فرۆشتبوویان. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەم نموونەیە و سەدان نموونەی دیکە وا چاوپۆشی دەکات، بەڵام ئەنگوستی دەستی ئەو کەسانە دەپەڕێنێ کە بەخاتری هەژاری و نەبوونییەوە دەست دەدەنە دزییەکی بچووک

لە پەیوەند لەگەڵ دزی و گەندەڵیی ئاغازادەکانی ڕێبەرانی ڕژیمدا، هەفتەی ڕابردوو سەنتەری دارایی نێودەوڵەتی دوبەی دوو کۆمپانیای گەورەی نەوتی سەر بە تۆڕی حوسێن شەمخانی یان (هێکتۆر) ڕاگرت کە بە "سوڵتانی فرۆشتنی نەوتی ئێران" ناسراوە. سەرچاوە بیانییەکان لە مانگی ئاگۆستی ڕابردوودا ئاشکرایان کرد کە کوڕی ڕاوێژکاری سیاسی خامنەیی حوسێن شەمخانی" توانیویەتی لە ڕێگەی دوو کۆمپانیای میلاووس و ئۆشن لێۆنید کە لە لەندەن و دوبەی و ژنێف و سەنگاپور کار دەکەن لە فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی ئێران و ڕوسیا لە فرسەتی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، ملیاردها دۆلار بەدەست بهێنێت

لەڕاستیدا گەندەڵی و دزیی هەموو بەشەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە بەیتی ڕەهبەرییەوە هەتا فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و دەزگای ڕووحانییەتی داگرتووە. گەندەڵی، ڕانتخۆری، ئیختلاس، دزیی ڕێبەران و کارگێرانی حکوومەت لە هەموو بەشەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و بازرگانی، لە گومرک، نەوت، پێترۆشیمی، پۆڵا و ئۆتومبێل و هیتردا ڕیشەی داکوتاوە. سەروەت و سامان و ئابووری کۆمەڵگا لە دەستی ناوەندە ئابوورییەکانی حکوومەت لەوانە قەرارگای خاتەمولئەنبیا و قەرارگاکانی دیکەی سپا، بۆنیادی مۆستەزعەفان، ستادی ئیجرایی فەرمانی ئیمام، بۆنیادی تەعاونی سپا و دەیان دامەزراوە و ناوەندی دیکەی ڕژیمدایە. کەواتە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، درێژەی هەژاری و برسیەتییە. درێژەی ژیانی فەلاکەتباری کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، پەرستاران و کارمەندان و زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگایە. درێژەی دزی، ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و لەشفرۆشی و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانە. درێژەی سەرکوت و کوشتار و ئەشکەنجە و تاوان و پەڕاندنی دەست و پایە. درێژەی شەڕ و وێرانییە. ئەم ڕژیمە گەندەڵە قابیلی ئیسلاح نییە و پێویستە بە پەرەپێدانی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانەدا برووخێت و بۆ هەمیشە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە

***

## گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٤ی کابینەی پزیشکیان، گەڵاڵەی بوودجەی شەڕە



ڕۆژی سێشەممە یەکی مانگی خەزەڵوەر مەسعوود پزیشکیان چووە مەجلیس تا گەڵاڵەی بوودجەی کابینەکەی بداتە مەجلیس. ئەو بە ئاگاداربوون لە ڕێژەی بێوێنەی کەسری بوودجە و ئەولەویەتەکانی، وە بۆ ئەوەیکە لەلایەن نوێنەرانەوە نەخرێتە ژێر پرسیارەوە، هاوشێوەی سەردەمی ناساندنی ئەندامانی کابینەکەی، دەستبەجێ ڕایگەیاند کە "سەبارەت بە بوودجەبەندیی ئەم گەڵاڵەیە لەگەڵ مەقامی ڕەهبەری گفتوگۆ کراوە و ئامۆژگاری پێویستی لێوەرگرتووە". هەر لەم پەیوەندییەدا فاتمە موهاجرانی وتەبێژی دەوڵەتی پزیشکیانیش ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی مانگی ڕەزبەر لە وڵام بە ناڕەزایەتی و خواستی کرێکارانی خانەنشینکراو لە وتارێکی فریوکارانە و بێشەرمانەدا وتبووی: "دەستی خانەنشینان، پەرستاران، موعەلیمان و گەمکاران ماچ دەکەین. ناڕەزایەتییەکانیان ڕەوایە. بەڵام ئەوان دەبێ بار بە ئەندازە بخەنە سەر شانی دەوڵەت. بوودجەی ئێمە سنووردارە و دەبێ بوودجە ئەولەویەتبەندی بکەین"

بە ئیعترافی وتەبێژی دەوڵەتی پزیشکیان و بەسەرەنجدان بە ئەرقامی ڕاگەیەندراوی ئەم گەڵاڵە، ئەولەویەتی حکوومەتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، نە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، موعەلیمان و توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا، بەڵکوو بەهێزکردن و دابینکردنی بوودجەی ناوەندەکانی سەرکوت و کۆنەپەرستییە بەئامانجی ڕاگرتنی حکوومەتی ئیسلامی. ڕژیمی ئیسلامی بەنیازە دابینکردنی بوودجەی ئەم ناوەندانەش بە داسەپاندنی هەژاری و نەهامەتیی زیاتر بەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران دابین بکات. پزیشکیان لە وتارەکەیدا لە مەجلیس لە کاتی ڕوونکردنەوەی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤، بۆ بەلارێدابردن و خۆدزینەوە لە تەوزیحی وردەکاریی بوودجە، باسی یارانەی سووتەمەنی و قیمەتی بێنزینی هێنایە گۆڕێ و وتی: "دوایین نرخی بێنزین بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەهای بەرهەمهێنانی، لیتری ٨ هەزار تمەن و قیمەتی هەر لیتر بێنزینی هاوردەکراو ٣٠ بۆ ٤٠ هەزار تمەنە. کام مەنتق قەبووڵ دەکات دەوڵەت کە پووڵی گەنم، دەرمان، و حەقی خانەنشینانی نییە، بێنزینی ٥٠ هەزار تمەنی بە ١٠ هەزار بفرۆشێ". ئەم وتانەی پزیشکیان پێشەکییەکە بۆ ڕاگەیاندنی گرانبوونی نرخی بێنزین لەژێرناوی "تەعدیلی نیزامی ئەرزی و یارانەی سووخت"دا

بەڵام پزیشکیان بەسەرەنجدان بە ئاکامی گران کردنی ٢٠٠ لەسەدی نرخی بێنزین لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٨، کە بوو بە چەخماخەیەک بۆ سەرهەڵدانی ئاخێزێکی سەرتاسەری لەدژی گشت ڕژیمی ئیسلامی، لەبیریشی نەچوو کە بڵێ: "زۆربەی ئابووریناسان پەیڕەوی لە چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاو دەکەن و ڕەفتاری شۆکهێنەر لە ئابووریدا ناگرنەبەر". بەلەبەرچاوگرتنی ئەم لێدوانە و وتەکانی پێشووی محەممەد ڕەزا عارف جێگری پزیشکیان و ناسر هیمەتی وەزیری ئابوورییەکەی سەبارەت بە مەترسیی بردنەسەری شۆکی نرخی بێنزین و ئەوەیکە کۆمەڵگا توانا و تەحەمولی شۆکی گرانیی بێنزینی نییە، پێدەچێت کابینەی پزیشکیان لە ساڵی داهاتوودا بە شێنەیی و لە چەند قۆناغدا یان بە قەولی عارف "غەیری عەجوولانە" نرخی بێنزین زیاد بکات

پزیشکیان لە بەشێکی تر لە وتەکانی سەبارەت بە گەڵاڵەی بوودجە دانی بەوە دانا کە بەهێزکردنی بواری بەرگری یەکێک لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانی دەوڵەت لە ساڵی داهاتوودایە و لە ئەرقامی بوودجەدا لەبەرچاوگیراوە. لەم گەڵاڵەیەدا ١٣ هەزار ملیارد تمەن بە بوودجەی هێزە ئینتزامیەکان زیاد کراوە کە قەرارە لەڕێگەی تەحویلی نەوتی خامەوە دابین بکرێت. پێویستە بوترێ کە دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ لە بوودجەی ساڵی ١٤٠٣دا بڕی ١١٨ هەزار ملیارد تمەنی لە سەرچاوە گشتییەکان بۆ سەرکوتی خەڵک بۆ هێزە ئینتزامییەکان تەرخان کردبوو کە لەچاو ساڵی پێشتری یەک و نیو بەرابەر زیادی کردبوو.

سەرچاوە داراییەکانی فەرماندەیی ئینتزامی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی ئێستا گەیشتووەتە باڵاترین ئاستی خۆی لەماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا. هەڵبەت ئەمە جیا لە هەزینە بەرینەکانی سپای پاسداران و جیا لە بوودجەی تایبەتی دەیان ملیارد دۆلاری بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژی ژئوپۆلیتیکیی حکوومەتی ئیسلامی و دابینکردنی بواری ماڵی و نیزامی گرووپە تیرۆریستەکانی سەر بە ڕژیمە کە بە "میحوەری موقاوەمەت" پێناسەیان دەکات. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە نە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا، بەڵکوو بەهێزکردنی بناغەی بەرگریی و تەرخانکردنی بوودجەی بەرین بۆ درێژەی ستراتێژی شکستخواردووی "شەڕی پێشگرانە" لە ئەولەویەت دایە

ڕۆژی سێشەممە یەکی مانگی خەزەڵوەر میدیاکانی حکوومەت سەبارەت بەم گەڵاڵەی بوودجە ڕایانگەیاند کە زەریبی حقووقی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە ساڵی داهاتوودا ٢٠ لەسەد زیاد دەکرێت. واتە لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران و باقی کارمەندانی دەوڵەت کە ئێستا ١١ ملیۆنە، بە چوونەسەری ٢٠ لە سەدی دەگاتە ١٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن. وە کابینەی پزیشکیان هەوڵ دەدات هەر ئەم ڕێژەیە لە بردنەسەری حەقدەست لە کۆبوونەوەی بەناو شۆرای باڵای کاردا پەسند بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەسەرەنجدان بە قەیرانی قووڵی سەرمایەداریی ئێران و ئاکامی ستراتێژی شەڕخوازانەی ڕژیم، لەماوەی یەک حەفتەدا نرخی هەر دۆلاری ئەمریکا، کە بەکردەوە بووەتە بنەمای دیاریکردنی نرخی کاڵاکان لە کۆمەڵگادا، لە ٦٠ هەزار تمەنەوە بۆ ٧٠ هەزار تمەن بەرز بووەتەوە. کەوابوو بردنەسەری ٢٠ لەسەدی حەقدەست کە کابینەی پزیشکیان بۆ ساڵی داهاتوو لەبەرچاوی گرتووە، لەگەڵ ماددەی ٤١ی یاسای درۆینەی کاری خودی ڕژیمیش ناتەبایە. ئەم ماددەیە دەڵێ: "ڕێژەی زیادکردنی حەقدەست دەبێ بەپێی ڕێژەی تەوەرۆم و هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکی کرێکاری دیاری بکرێت". لە کاتێکدا کە ڕێژەی تەوەرۆم گەیشتووەتە سەرووی ٥٠ لەسەد و هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی مانگانەی بنەماڵەیەکی کرێکاری لە ٣٧ ملیۆن تمەن تێپەڕیوە، زیادکردنی دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن بە لانیکەمی حەقدەست، داسەپاندنی هەژاری و برسیەتیی زیاتر بەسەر ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە. ئەمە ئەو کڵاوەیە کە پزیشکیانی خزمەتکاری ولایەت دەیهەوێ لەژێرناوی باشترکردنی حقووقی خانەنشینان، لەسەری ئەوانیشی بکات

بەڵام کرێکاران، پەرستاران، موعەلیمان، خانەنشینان و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا نە فریوی وادە و بەڵێنی درۆینەی حکوومەتی ئیسلامی دەخۆن و نە بە هەڕەشەی دەزگا سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی چاوترسێن دەبن. لەم پەیوەندییەدا کەناڵی تێلێگرامی ڕێکخراوی "ئیتحادی خانەنشینان" ڕایگەیاند کە زیادکردنی ٢٠ لەسەدی و بڕێکی بێ بایەخ لەژێرناوی مابەالتفاوت لە گەڵاڵەی بوودجەدا لە بەرامبەر چوونەسەری ٥٠ یان ٦٠ لەسەدی وە تەنانەت زیاتری نرخی کاڵاکان، هیچ واتایەکی نییە بێجگەلە هەژارتربوونی هەژارەکان و هیچ گۆڕانێک لە ژیانی کرێکاران و کارمەندانی لەسەرکار و خانەنشین پێکناهێنێت. ڕوون بووەوە کە وادە و بەڵێنی یەک لەدوای یەکی پزیشکیان سەبارەت بە باشترکردنی دۆخی خانەنشینان، تەنیا درۆیەکە و هیچی تر. "دەوڵەت هیچ بەرنامەیەکی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئابووریی ئێراندا نییە"

گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤ "گەڵاڵەی بوودجەی بەهێزکردنی بناغەی دیفاعی رژیمە" بۆ سەرکوتی جەماوەری نارازی و وەگیانهاتوو و گەڵاڵەیەکی جەنگییە بۆ داسەپاندنی هەژاری و فەلاکەتی زیاتر بەسەر کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان و توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا. کابینەی پزیشکیان لەژێرناوی بەهێزکردنی بناغەی دیفاعیدا، بەر لە داگیرسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ و گشتگیر، هەوڵ دەدات بوودجەبەندیی جەنگی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. دەیهەوێ هەزینەی هاویشتنی مووشەکی بالستیک و درۆن بەرەو ئیسرائیل لەڕێگەی هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بدات. ئەم هێرشە بەرنامەڕێژیکراوەی کابینەی پزیشکیان بۆسەر ژیان و مەعیشەتی بنەماڵە کرێکاری و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا پێویستە لەڕێگەی گەشەپێدانی مانگرتنی ڕێکخراوی کرێکاران و ناڕەزایەتی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا وڵام بدرێتەوە

❊❊❊

# دەسەڵاتی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان

کۆمەڵگای ئێران کەوتووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە. لەم قۆناغەدا کە گوڕوتینی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری کۆمەڵگای داگرتووە، کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و لاوان و بێبەشانی شار و دێهات بە هەڵکردنی ئاڵای خەبات بەرانبەر بە دژایەتی ژن و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چەوساندنەوە و ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی، بە بەرەنگاربوونەوە دژبە هەر شێوازێکی دیکتاتۆری دینی و سەڵتەنەتی، بۆ جارێکی تر بڕیاری خۆیان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەموو نەهامەت و بێ مافییەکان کە ڕەگ و ڕیشەیان نیزامی سەرمایەدارییە نیشان دا

ئەم خەباتە ژێروژوورکەرە کە ڕیشەی لە بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە ڕادیکاڵەکانی سەردەمی لە ئێراندایە، بۆ جارێکی تر دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی کردۆتەوە و ئاسۆی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێوی بەرەوڕووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو ستەملێکراوانی کۆمەڵگا کردووەتەوە. خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان کە دوای قەتڵی دەوڵەتی ژینا ئەمینیی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستپێکەری ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بوون، سەرەڕای هەموو جۆرە تەفرەقەنانەوە و کوشتاری دڕندانە، لە هاوپشتی تەواو لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران و بۆ تێکشکاندنی هەر پڕۆژەیەک لەپێناو پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر سەری خەڵکەوە، خەباتی خۆیان لێبڕاوانە بەرەوپێش بردووە. خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستان کە زیاتر لە چوار دەیە خۆڕاگری و خەبات بەرامبەر بە هێرشی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە قۆناغێکی کورتدا شکڵدان بە ئیدارەی شۆراییان لەئاستی مەحەلیدا ئەزموون کردووە، خوازیاری بەرپاکردنی دەسەڵاتێکن کە بەشداری ڕاستەوخۆی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دابین بکات

شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە، ئاڵای خەباتی یەکگرتووانە بۆ دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بەرز دەکاتەوە. بە سەرەنجدان بەو ڕاستییە کە نیزامی سەرمایەداری زیاتر لە هەموو کاتێک بێ مافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕواڵەتی بوونی بەشداری ئەوانی لە بابەتی دەسەڵات لە دیموکراسیە لیبڕالی و پارلەمانییەکاندا نیشان داوە. کۆمەڵگایەک کە بیهەوێ بەشداری جەماوەری بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسندکردن و بەڕێوەبردن یاسا و سیاسەتەکان زەمانەت بکا، ناتوانێ لەسەر بنەمای پارلەمان و سیستەمی دیموکراسی نیابەتی بێت

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە بەرانبەر نیزامی پارلەمانیدا، کە پارتە ناسیۆنالیست و هێزە بورژواییەکان مەوعیزەی بۆ دەکەن، نیزامی شۆرایی بە باشترین و دەستەبەرترین ئامرازی بەشداری هەموو تاکەکانی خەڵک وەک داڕێژەر و جێبەجێکاری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەزانێ. بە باوەڕی شۆرای هاوکاری لە بارودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشن بە زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەموان دابین کردووە، نیزامی شۆرایی بابەتی بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای زیاتر لە ڕابردوو



ئاسان کردووەتەوە. ئیدارەی شۆرای کۆمەڵگا دەتوانێ لە دامەزرانی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دیسان بکەوێتە سەر سەری خەڵک و ئەوان بکاتە تەماشاچی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات. خەڵک لە نیزامی شۆراییدا هەم داڕێژەری یاسا و هەم بەڕێوەبەری یاسان

لەم نیزامە حکوومەتییەدا هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکات زۆرینەی دەنگدەران بڕیار بدەن، دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن

پێکهاتەی دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان

دەسەڵاتی شۆرایی پێکهاتەیەکی هێرەمی هەیە و پێکهاتووە لە: شۆراکانی گەڕەکەکان، شۆراکانی شار، شۆراکانی ناوچە و کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکان وەک باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان. کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکان هەم داڕێژەری یاسایی و هەم باڵاترین ناوەندە دەوڵەتییەکان بۆ ئەرکی جێبەجێکردن ڕێکدەخات و بەسەر چالاکییەکانیاندا چاوەدێری دەکات. لە دەسەڵاتی شۆراییدا سیستەمی دادوەری و قەزایی بە تەواوی لە سیستەمە جێبەجێکار سەربەخۆ دەبێت. قازییەکان و هەموو کاربەدەستانی قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکات زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن. هەموو دادگا تایبەتەکان هەڵدەوەشێنەوە و سەرجەم موحاکمە عەلەنییەکان بە بەشداری هەیئەتی ژووری بەڕێوەدەچێت. لە حکوومەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، ئەحزابی سیاسی تەنها لەڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی شۆراکان لەئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەتوانن لە ئۆرگانەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بن

هێزی چەکدار

ئەرتەش، سپای پاسداران ، هەموو سازمانە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنەوە. لە جێی ئەوان ڕێکخراوێکی چەکداری جەماوەری لە ژێر فەرمانی "کۆنگرەی سەراسەری شوراکان" کار وباری پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لەئاست هەر هێرشێکی دەوڵەتی ناوەندی و یان هەر هێزێکی دیکە وەئەستۆ دەگرێت. ئەم هێزە مافی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا نابێت

ئاسایشی ناوخۆیی کوردستان بە هێزێک دابین دەکرێ کە لەلایەن باڵاترین ناوەندی دەوڵەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سەراسەری شۆراکانەوە ڕێک دەخرێ و شوراکان ئەو کۆنگرە بەسەر چالاکییەکانیدا چاوەدێری دەکات

*****

مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان

١ - کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان

• ستەمی نەتەوەیی چ لە سەردەمی ڕژیمەکانی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وێڕای وەحشیانەترین شێوەکانی سەرکوت بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە. لەم ڕووەوە لە کوردستانی ئازادکراو هەموو ئەو یاسا و ناوەندانەی کە هێما یان پارێزەری ستەمی نەتەوەیین هەڵدەوەشێنەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەمانای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڕەسمی دەناسرێت. دەسەڵاتی شۆرایی وێڕای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەراسەری ئێران، هەموو مەرج و پێداویستییەکانی ڕێفراندۆمێکی ئازاد و دێموکراتیک بۆ کەڵک وەرگرتنی وشیارانەی خەڵکی کوردستان لەم مافە دابین و زەمانەت دەکات

• ئەگەر سەرەڕای دابینکرانی کردەوەیی و ڕاستەقینەی پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیاریان دا کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بمێننەوە، ئەوکات مافی یەکسانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئیداری کۆمەڵگا دابین و زەمانەت دەکرێت

• لە دەسەڵاتی شۆرایی کوردستان هەموو خەڵکی دانیشتووی ناوچەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ڕەگەز و ئایین لە هەموو ئاستەکاندا، لە نیزامی سیاسی و یاسادانان، بەڕێوەبەری و قەزایی کوردستاندا بەشدار دەبن و بە بێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێک لەگەڵ هەموو خەڵکی دانیشتووی کوردستان مافی یەکسانیان دەبێت

• ئێمە هەروەها ڕایدەگەیەنین کە گەڵاڵەی فێدرالیسم بۆ دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەتەنها یارمەتیدەری نەمانی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان نابێت، بەڵکوو ئەم ستەمە جێ دەخات و تەفرەقە و چەند دەستەیی پەرەپێدەدات

• دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان هەرجۆرە سات و سەودای دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان سەبارەت بە ئارایشی سیاسی کوردستان بە نایاسایی و نادروست دەزانێت. یەکلاییکردنەوەی هەر گەڵاڵەیەک سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەڕێگەی دەنگدانی گشتی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێت


٢ - ئازادی بێشەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی بیر و باوەڕ و تەبلیغ کردنی، ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن، ئازادی پێکهێنانی ئەحزاب و چالاکی سیاسی، پێکهێنانی شۆرا، سەندیکا و هەر جۆرە ڕێکخراوێکی پیشەیی و سیاسی و جەماوەری. دابینکردنی ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی گشتی بە میدیاکان، بڵاوکراوە و چاپەمەنی، کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە سانسۆڕێک

٣ - زەمانەتکردنی گوزەران و خۆشبژێوی هەموو هاووڵاتییان بەپێی ستانداردەکانی دنیای ئەمڕۆ لەلایەن دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسانی ئامادە بە کاری باڵای ١٦ ساڵ و سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە. زەمانەتکردنی پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی بۆ هاووڵاتییان، دابین و زەمانەتکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، دابینکردنی ژیان و ڕەفاهی کەمئەندامان و فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ سەلماندن و نیشاندانی توانای کۆمەڵایەتییان لەلایەن دەوڵەت، دابینکردنی ژیان و گوزەرانی بەساڵاچووان و دابینکردنی شوێنی گشتی و گونجاو بۆ ئاگالێبوونیان

٤ - جیایی بەتەواوی دین لە دەوڵەت و پەروەردە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا ئاینیەکان، هەڵوەشاندنەوەی ناوەند و دامەزراوە مەزهەبییە حکوومەتییەکان. هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لە پیشەکانی دەوڵەت و مافی تاکەکان بەپێی باوەڕمەندبوون یان نەبوونیان بە مەزهەب. هەڵوەشاندنەوەی یارمەتی ماڵی و غەیری ماڵی حکوومەتی شۆرایی بە چالاکی و دامەزراوە مەزهەبیەکان. هیچ ئایینێک لە کوردستان بە ئایینی ڕەسمی ناناسرێت. دین و مەزهەب بابەتی خسووسی تاکەکان دەبێت. هەموو کەس لە کوردستان لە پەیڕەو کردن یان نەکردنی هەر مەزهەبێکدا ئازادە

٥ - هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی، هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسایەکی دژەژن و پارێزەری هەڵاواردن. ڕاگەیاندن و بەکردەوە دەرهێنانی بەرابەریی بەتەواوی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری و بنەماڵەیی. ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا ئازادن و هەر جۆرە شەرت و مەرجێکی فەرمی یان زمنی بۆ پۆششی ئەوان قەدەغەیە. هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی یاسا و فۆرمەکانی هەڵاواردن دژبە ئاراستە جنسی و جنسییەتییەکان. بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان. بێ تاوان پێناسەکردنی هەموو ئاراستە جنسیەتییەکان و پابەندبوونی بێ شەرت و مەرج بە هەموو مافەکانی ژنان لەئاست جەستە و چارەنووسی خۆیان

٦ - مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان، ڕاستەوخۆ و نهێنی بۆ هەموو کەسانی سەرووی ١٦ ساڵ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و بیروباوەڕی سیاسی. مافی هەر تاکێکی سەرووی ١٨ ساڵ بۆ هەڵبژێردران لە هەر ناوەند و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی. یەکسانی کامڵی مافە یاساییەکانی هەموو تاکەکان لە کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئایین، مەرام و باوەڕی سیاسی ئەوان. زمانی کوردی بەڕەسمی لە خوێندنگا و زانکۆکانی کوردستاندا دەوترێتەوە و لە ئیداراتی دەوڵەتی و دامەزراوە



کلتووری و هونەری و میدیاکاندا بەکار دەهێندرێت. لە کوردستانی ئازادکراودا پەنابەرانی سیاسی بە بێ شەرت و مەرج وەردەگیرێن. هەر کرێکارێکی کۆچبەر و یان هەر پەنابەرێک لە مافی کامڵ و بەرابەر لەگەڵ باقی دانیشتووان بەهرەمەند دەبێت

٧ - قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ. زەمانەتکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی و دابینکردنی سڵامەت و شادی و پێکهێنانی بارودۆخی گونجاو بۆ گەشە و پشکووتنی تواناکانیان. بەتاوان پێناسەکردنی هەرجۆرە تەعەرۆز و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان و پاراستنی منداڵان لەلایەن حکوومەتی شۆرایی لە کوردستان. منداڵان بە بێ لەبەرچاوگرتنی لەدایکبوونیان بەر لە هاوسەرگیری یان دوای هاوسەرگیری، پێویستە بەتەواوی لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن

٨ - کەمکردنەوەی ماوەی کاری هەفتانە بەلانیزۆرەوە بۆ ٣٥ سەعات و دیاریکردنی لانیکەم دوو ڕۆژ پشووی بەردەوام لە هەفتەدا. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ڕەسمی بە ڕەزامەندی نوێنەرانی هەڵبژێرراوی کرێکاران بەپێی تێچووی دابینکردنی ژیانێکی خۆشبژێو و ئینسانی و بردنەسەری بەپێی ڕێژەی ڕاستەقینەی هەڵاوسان. ڕێگریکردن لە دەرکردنی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە. قەدەغەکردنی شەوکاری لە هەموو شوێنێک، بێجگە لە ئەو شوێنانەی کە بەهۆکاری تەکنیکی یان ڕەفاهی کۆمەڵایەتی، شەوکاری تێیاندا بابەتێکی پێویستە. زەمانەتکردنی ئیمەنی و سڵامەتی شوێنی کار و هێنانەخواری مەترسییەکانی شوێنی کار بۆ کەمترین ئاست، بیمەی کامڵی کرێکاران لە بەرابەر زیان و خەسارەتەکانی سەرچاوەگرتوو لە کار. حەقدەستی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان لە بەرانبەر کاری یەکسان. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێکۆڵینەوەی کرێکاری، کە لەلایەن کرێکارانەوە هەڵدەبژێردرێن

٩ - دادوەر و دادگا و سیستەمی دادوەری دەبێت لەڕووی یاساییەوە سەربەخۆ بن. بنەما لە هەموو دادگاییکردنەکاندا بێتاوانبوونی تۆمەتبارە. بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی بەدواداچوون و موحاکمەی دادپەروەرانە و هەبوونی پارێزەر مافی هەموو تاکێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن، سووکایەتی پێکردن، گوشاری دەروونی و فکری بۆسەر تاکەکان قەدەغەیە و سەرپێچی کردن لێی بەتاوان هەژمار دەکرێت. هەرجۆرە دانپێدانانێکی زۆرەملێ بێ ئیعتبارە

١٠ - مافی ژیان سەرەکیترین مافی ئینسانە. سزای سێدارە و زیندانی هەتاهەتایی لە هەموو بارودۆخێکدا قەدەغەیە.

ئینسانەکان پێویستە لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی جەستەیی و دەروونی پارێزراو بن

١١ - هەموو بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەیی پێویستە دەستبەجێ و بە بێ شەرت و مەرج ئازاد بکرێن و بە تاوان زانینی چالاکی سیاسی پێویستە قەدەغە ڕاگەیەندرێت

١٢ - بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک پێویستە دەستگیر بکرێن و لە دادگای گشتیدا موحاکمە بکرێن

١٣ - ڕێگریکردن لە تێکدان و لەناوبردنی ژینگە و ڕێوشوێنی دەستبەجێ و بەرنامەی درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە گرنگەکانی ئاو و خاک و هەوای سڵامەت

١٤ - دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازانە لە سەراسەری جیهان و پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی دیکە بۆ ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێت

١٥ - گرتنە ئیختیاری سەرجەم دامەزراوە سەنعەتی و بازرگانییەکانی سەربە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. گرتنە ئیختیاری مەوقوفات و سەپاندنی ماڵیاتی تەساعودی بەسەر میرات و دارایی و داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە خاوەندارێتی بەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ. چاوەدێریی شۆرا دێموکراتیکەکانی خەڵک بەسەر بابەتی دابەشکردنی کاڵاکان

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو خواستەکان، ماف و ئازادییەکانی خەڵک کە بەشێکی لە مەنشووری سەرەوەدا هاتووە بکرێنە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای داخوازییەکانی سەرەوە و بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵک لە سەرانسەری ئێران، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا سەروەت و سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکان لە خزمەت خۆشبژێویی گشتیدا بن، خەبات دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان مەرجی بەرەوپێشچوون و زەمانەتکردنی سەرکەوتنی خۆی لە یەکگرتوویی و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی سەرانسەریدا دەبینێت

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

خەرمانانی ١٤٠٢ - سێپتامبری ٢٠٢٣

❋❋❋

## ستراتێژی ناسیۆنالیستەکان کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان ناهێنێت





سەرهەڵدان و گەشەی نیزامی سەرمایەداری لە ئێران، وەک هەموو شوێنێکی تر لە کوردستانیش پێناسەی کۆمەڵایەتی بەخشیوە بە خەڵکی ئەم ناوچەیە وەک نەتەوەیەک. بەڵام ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران هەروەک ڕژێمی سەڵتەنەتی پەهلەوی حاشای لە مافە سەرەتاییەکانی ئەم نەتەوەیە کردووە و بە گرتنەبەری سیاسەتی میلیتاریزەکردن و سەرکوتی خوێناوی ڕێگەی نەداوە ئەم نەتەوە چارەنووسی سیاسی خۆی بەپێی ئیرادە دیاری بکات. لەم بوارەدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان کە یەکێک لە خواستەکانی کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی بووە، بەردەوام کەوتووەتە بەر هێرشی سەرکوتگەرانەوە

خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان کاردانەوەیەکی جەماوەرییە بەرانبەر بە هەڵاواردن و نابەرابەری و بێ مافییەکانی سەرچاوەگرتوو لەم ستەمە. بەڵام سەرەڕای گشتگیربوونی، ئەم ستەمە نەتەوەییە کاردانەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان یەکسان نییە. ئەمڕۆ سەرمایەداران و خاوەنانی سەروەت لە کوردستان، ئەو بوروکراتانەی کە خاوەنی پلە و پایەی بەرزن لە ئیداراتی مەحەلی، گوشاری ئەم ستەمە زۆر هەست پێناکەن و بەرژەوەندی مادی خۆیان لە پاراستنی وەزعیەتی مەوجوددا دەبینن. ئەمانە بوونەتە پایە مادیەکانی نفووزی ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لەناو ڕیزەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان

بەڵام بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کورد کاتێک نەمانی ستەمی نەتەوەیی بەشێوەی ڕاستەقینە ئاڵوگۆڕ لە ژیانیاندا پێکدێنێت، کە نەمانی ئەم ستەمە لە هەمان حاڵدا بە مانای ژیانێکی ئابووری ئاسوودەتر و فەزای سیاسی کراوەتر بێت بۆ خۆیان و ئاسۆیەکی ڕوون و گەش بێت بۆ منداڵەکانیان. لەڕاستیدا کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان تەنیا بۆ لەناوبردنی ستەمی نەتەوەیی پەیوەستی ڕیزەکانی ئەم خەباتە نەبوون، بەڵکوو بە ئاسۆی نەمانی ستەمی چینایەتی و گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و خۆشبژێو و بەرابەر بە ڕیزەکانی



بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پەیوەست بوون. هەر ئەم واقعییەتە بووەتە بەستێنی کۆمەڵایەتی پەرەسەندنی نفووزی هێزی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵە کە ستەمی نەتەوەیی لەم کۆمەڵگایەدا بە هێزی زۆرینەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن لەناو دەچێت، کەوابوو دروشم و ستراتێژی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانیش پێویستە هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت. کۆمەڵە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئاڵاهەڵگری ئەم ستراتێژیە بووە و بەم ئیعتبارە بزووتنەوەی کوردستان وەک "بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان" ناودێر کراوە

بەڵام ناسیۆنالیسمیش بە سیاسەت و کردەوەی خۆی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا داناوە. ناسیۆنالیسم ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەروەک باقی کۆمەڵگاکانی دیکە هاوزادی سەرهەڵدان و گەشەی نیزامی سەرمایەداری بووە. حیزبی سیاسی و کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر بە پێی ئەم ئایدیۆلۆژییە و لەسەر بەستێنی ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە دامەزراون و ئامادە کراون. ئەم ئایدیۆلۆژییە خاوەنی جیهان بینی، ستراتێژی سیاسی، کلتوور و سوننەتی تایبەت بە خۆیەتی. مێژووی گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری نیشانی داوە کە ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی ناسیۆنالیسم بە پێی پێویستی سەرمایەداری بە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و پاوان کردنی ئەم بازاڕە لە چوارچێوەی سنوورە دیاریکراوەکان و زەروورەتی پاراستنی ئەم سنوورانە بەزەبری هێزی جەماوەری خۆجێیی، شکڵی گرتووە. ناسیۆنالیسم، کلتوور و ئەدەبیات و هونەر و هێمای تایبەت بەخۆی بۆ ئاسان کردنەوەی بابەتی هێنانە مەیدانی جەماوەر لە خزمەت وەدیهێنانی ئەم ئامانجە چینایەتییەکانی خۆیدا خولقاندووە. بەڵام ئەمڕۆ کە لەگەڵ گەشەی بەرچاوی سەرمایەداری و جیهانی بوونەوەی ئەم سیستمە، هەموو سنوورێک بەرەوڕووی حەرەکەتی کاڵا و سەرمایە کراوەیە، پایە ئابوورییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە لە گشت جیهان خەریکە لەناودەچێت. سەرەڕای ئەم ئاڵوگۆڕانە ناسیۆنالیسم وەک ئایدیۆلۆژییەک لە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژ و لە سەرخانی کۆمەڵگا و لە مەیدانی کلتوور و ئەدەبیات و هونەردا، درێژە بە حەیاتی خۆی دەدات. مانەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە گۆشە و کەناری جیهان، هێستا پۆتانسییەلی حزووری ناسیۆنالیسمی لە بواری سیاسیدا پاراستووە

لەژێر کاریگەریی ڕەوتی جیهانی بوونەوەی سەرمایەداری، سەرمایەدارانی کوردیش تەنانەت بەویژدانترینیان بەدوای هێزی کاری هەرزان و لەپێناو قازانجی زیاتر سنوورەکانی نەتەوەیی دەنێنە ژێر پێ. بەخاتری هەر ئەم گۆڕانکارییانە بورژوازی کوردیش هەستی چینایەتی خۆی بۆ پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی لەچوارچێوەی سنووری جوگرافیای دیاریکراو وپێویستی پاراستنی ئەم سنوورانەی لەدەست داوە و بەم هۆکارە هەستێکی بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی نییە. حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستانیش بە حوکمی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی چەند دەیەی ڕابردوو، خۆیان لەگەڵ ئەم ئاراستە و ئاواتانەی پێگەی چینایەتی خۆیان ڕێکخستووە و لەجیاتی ئەوەیکە لەناوبردنی ستەمی نەتەوەیی بکەنە ئامانجیان، تەنیا بە بەدەستهێنانی بەشێک لە دسەڵاتی مەحەلی، ئەویش لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، ڕەزایەت دەدەن. ڕیشەی هەوڵی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان بۆ نزیکبوونەوە لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی و دووی خورداییەکان لە سەردەمێکدا کە دەسەڵاتیان بوو و پاشان ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لایەنگری ڕۆژاوا و لەم دوایانەشدا سەڵتەنەت خوازان و ڕەزا پەهلەوی و ئامادە بوونیان بۆ سازان لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی بێ بایەخ بۆ خۆیان، پێویستە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ستراتێژییەی ئەوان شیبکرێتەوە

کەوابوو ئەگەرچی هەرکام لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەرنامەیەکی دیاریکراویان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی هەیە بەڵام لە مەیدانی کردەوەی واقعیدا تەنیا لەپێناو وەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێی و یان سەرتاسەری بۆ حیزبەکەی خۆیان هەوڵ دەدەن. ستەمی نەتەوایەتی نێردیوانی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم حیزبانەیە بەبێ ئەوەیکە چارەسەر کردنی ڕاستەقینەی ئەم ستەمە ئامانجی ئەوان بێت. حیزب و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان هیچ داخوازییەکیان دژبە پەیوەندیی کار و سەرمایە، دژبە نیزامی سەرمایەداری نییە و لەم ڕوانگەوە لایەنگری پاراستنی باروودۆخی زاڵن. بەڵام ئەم باروودۆخە شتێک بێجگە لە درێژەی دەسەڵاتدارییەتی ئابووری، سیاسی و کلتووریی بۆرژوازی نییە. بەمجۆرەیە کە ئەم حیزبانە لەژێرناوی ئەحزابی بورژوازیی لە ئۆپۆزیسیۆندا پێناسە دەکرێن

بۆ حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لە ئێران فرسەتێکە بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەوان بگۆڕێت و بەستێنەکانی بەشداریی ئەوان لە دەسەڵاتی مەحەلی و سەراسەری فەراهەم بکات. چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بۆ ئەوان ئیتر ئارمان نییە، ئەوەیکە ئەوان بەشوێنیەوەن هەبوونی بەشێکە لە حاکمیەتی مەحەلی لە پەنا دەوەڵەتی ناوەندی و لایان وایە کە ئەم کارە لەڕێگەی سازانی نێوان دەسەڵاتەکانەوە مسۆگەر دەبێت و لەڕێگەی سنووردارکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و یان لەڕێگەی دەخاڵەتی دەسەڵاتە گەورەکانەوە مومکین دەبێ. ئەوان بە بێ ئەوەیکە لەلایەنی بەرانبەریان هیچ بەڵێنی و زەمانەتێکیان وەرگرتبێ، ئەم داخوازییانە لەهەڕاج دەدەن. هێندێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لەئێستادا لەسەر ڕۆڵی ئیحتمالی ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازان و هێندێکی تر لەسەر دەورونەخشی ئۆپۆزیسیۆنی نیولیبراڵی لایەنگری ڕۆژاوا لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژاوا حیسابیان کردووەتەوە. بەڵام ئەوەیکە هەر لەئێستاوە بەڕوونی دیارە ئەوەیە کە نزیکی و هاوپەیمانی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازان و یان لەگەڵ نیۆلیبراڵەکانی ئێران هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی خەباتی خەڵکی کوردستانەوە نییە. بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لە ئێران بەپێی ئەو هەڵوێستانەی کە هەتا ئێستا گرتوویانە، هەرجۆرە هەوڵ و خەباتێک لەپێناو ئامانجی نەمانی ستەمی نەتەوەیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران بە مەترسی دەزانن. ئەوان مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەڕەسمی ناناسن

❊❊❊

## سایتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
cpiran.org

سایتی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
komala.co

بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:
alternative-shorai.tv

# شـێعر

## مناڵانی کورخانە

دەمێک ساڵە
کڕیارانی ورتکە نان
لە گەڕەکی ئێمەوە تێ پەڕ نابن
چونکە لە نانی خاڵی ئەو هەمووو سفرەیە
پەترۆکێکیش بۆ باڵندەکان بەجێ نامێنێ،
تەنیا دەمێنێتەوە ئەو شەوانەی
کە باوکم بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ماڵ.
*******
هەر کات باوکم
بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ماڵ
من تێ دەگەم بە چرپە و لە بەرخۆیەوە چی دەڵێ
هەموو شتێک، هەموو شتێک گران بووە
قەند، چای، نان، چرا، چی بڵێم تەنانەت ژەهری ماریش
هەموو شتێک گران بووە
*******
من هەموو شەوێک ئاواتەخوازم
هەزار بریا سەمەدی بیهرەنگی هێشتا زیندوو بایە
هێشتا ماسیە ڕەشە چکۆلەکە
نەگەیشتۆتە زەریا .
من هەموو شەوێک خەو دەبینم
دەستەکانم خەریکە گەورە دەبن
خشت، کورە ئاجور
بەرد، زەوی، محەمەدا!
******
توانام بە هیچکام لەمانە ناشکێ
خشتی هەموو قەڵا بەرزەکانی دونیا
لە خەون و خۆڵەمیشی من دروست بووە
توانام بە هیچکام لەمانە ناشکێ
من دەبێ گەورە ببم
من ناچارم گەورە بم.
******
ئێمە مافی ئەوەمان نییە بڵێین برسین
ئێمە مافی ئەوەمان نیە دەنگ هەڵبڕین
ئێمە بۆمان نیە سەرما بخوین و نەخۆش کەوین
ئێمە ناڼمان نیە
ماڵمان نیە
پەناگایەکمان نیە
ناسنامەمان نیە
شەومان نیە
ڕۆژمان نیە
تەنانەت خەون و خەیاڵیشمان نیە!
******
لێرە ئێمە هەرچی بوومان فرۆشتمان
بێجگە لەو گەنجە گەورە شاراوەیەی
کە باوکم پێی دەڵێ شەرەف
ناوم شەرەفە
کوڕی زار عەبدوللا
لە ڕەنجدەرانی پاک دەشتی وەرامین
ڕەنجدەرانی پاک دەشتی بەم، بامیان،
کەرەج، کوفە و ئاسیا!
******
ئێمە مافمان نیە بمرین
کفن و دفنی هەژاران گرانە
قەبر و مەجلیس و گریانیش گرانە،
ئێمە بە هەڵە هاتووینەتە ئەم دونیایە
دونیا جێگای دزانی دوور لە شەرەفە
کە باڵندەکان تەنیا بۆ مردن
لە قەفەس ئازاد دەکەن!

ن: سەید عەلی ساڵحی
و: م . ک ٢٠٢٠-٠٢-٠٩




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧